# چاپکراوی نوێ


کتێبی وتاری سیاسیی پوتین و بارزانی لە سۆسیۆلینگویستیکدا، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماجستێرە کە نووسەر هاوکار حەمە فەرەج پێشکەشی کۆلێژی فیلۆلۆجی کردووە لە زانکۆی ئاریۆڵ لە وڵاتی رووسیا و بە پلەی نایاب وەرگیراوە، خودی نووسەر لێکۆڵینەوەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دووتوێی کتێبێکی ٢٤٨ لاپەڕەدا چاپ کراوە و لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی ٥٩١ ساڵی ٢٠١٩ ی پێ دراوە.

بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە وەڵامی هەندێك پرسیاری کۆنکرێتییە لە لێکۆڵینەوەی وتاری سیاسی لە چوارچێوەی سۆسیۆلینگویستیکدا، پێش هەموویان ئەو پرسیارانەی پەیوەندی بە تایبەتمەندیی وتاری سیاسیی ڤلادیمیر پوتین و مسعود بارزانی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە بریتییە لە تایبەتمەندیی زارەکی و نازارەکی (زمانی جەستەی) هەردوو سەرۆك لە سۆ سیۆ لینگو یستیکدا .

کتێبەکە لە سێ بەش پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا باسی دروستبوون و پێشکەوتنی سۆسیۆ لینگویستیك وەکو زانستێك کراوە، هەروەها چەمك و مانای زانستیی سۆسیۆ لینگویستیك شیکراوەتەوە، دواتر باس لە پەیوەندیی سۆسیۆ لینگویستیك بە رەوانبێژی کراوە، هەر لە بەشی یەکەمدا باس لە چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەری لە سەر گوێگر کراوە لە رێگای وتاری زارەکی (ئاخاوتن) و وتاری نازارەکی (زمانی جەستە). لە بەشی دووەم رەهەندە بنەڕەتییەکانی وتاری سیاسی لە چوارچێوەی سۆسیۆ لینگویستیك خراوەتەڕوو باس لە داڕشتن و روخسار و کاروکردەی وتاری سیاسی کراوە هەروەها بنەما باوەکانی پیشکەوتنی وتاری سیاسی دیاری کراون. لە بەشی سێیەم باس لە تایبەتمەندی بەکارهێنانی زاراوە و دەستەواژە و رەوانبێژیی وتاری سەرۆك بارزانی و سەرۆك پوتین کراوە، هەروەها ستایل و شێوازی وتاری هەردوو سەرۆك خراوەتەڕوو.

ئەم جۆرە کتێبانە دەبنە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان، هەروەها دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی سێکتەری دیپلۆماسیی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی رووسیا.




BCF
بەسەرهاتەکانی
دۆزەخی داعش
ئازارەکانی ڕۆژانی بندەستیی بیست ئافرەتی ئێزیدی ڕزگاربوو لە دەستی داعش
ریساله شەرکانی

# رساله شەرکانی
# (بەسەرهاتەکانی دۆزەخی داعش)
# دەگێڕێتەوە

لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا هیچ کارەساتێك وەك کارەساتە تراژیدیاکەی شنگال کاریگەرو بە ئازار نەبووە، نەك تەنیا لای کورد، بگرە ویژدانی مرۆڤایەتیشی هەژاند، چونکە ئەوەی روویدا، ئەنفالێکی دیکەی کوردستانیان بوو، بەڵام ساتەوەختەکەی لەگەڵ ئەنفالەکەی پێشوو جیا بوو، ئەوەی روویدا تاوانێك بوو دەرحەق کوردانی ئێزیدی لە شنگال و دەوروبەری. ئەو تاوانە مەگەر بە کۆتاییهاتنی ژیانی سەر زەوی لە یاد بکرێت، ئەگینا تا مرۆڤایەتی مابێت، هەمیشە وەك برینێك هەردەم دەکولێتەوەو ژانەکەی پتر دەبێت و ناخی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی زیندوو دەهەژێنێت. ئەو هەموو دیمەنە ناخهەژێنانەی لەم کارەساتەدا تۆمارکراون و لە زاری بیست ئافرەتی سەربەرزی رزگاربووی بندەستی شەمشەمە کوێرەکانی داعش دەگێڕدرێنەوە،لەلایەن خاتوو(رساله شەرکانی)یەوە لە دووتوێی کتێبێکدا خراونەتەڕوو، کە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە ناوی (بەسەرهاتەکانی دۆزەخی داعش- ئازارەکانی رۆژانی بندەستیی بیست ئافرەتی ئێزیدی رزگاربوو لە دەست داعش) نووسراوەتەوە و کاتی خۆیشی هەموویان بە کوردی لە رۆژنامەی(باس)دا بڵاوکراونەتەوە. ئەم کتێبە لە چاپکراوەکانی بەشی راگەیاندن و توێژینەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی-یە.

لەم کتێبەدا خاتوو رساله دەقاودەقی قسە و ئاخاوتنەکانی سەرجەم ئەو ئافرەتانەمان بۆ تۆماردەکات کە چۆن لە سەر دەستی ئەو تاوانبارە تیرۆریست و دڵڕەقانەی داعش رووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەو کڕین وفرۆشتن بوونەتەوە و شارەوشار و گوند بە گوندیان پێ کراوە، هەر یەکە لەو قوربانییانە جۆرێك لە بەسەرهاتی هەیە، کە هەر چیرۆکێکیان بە تەنیا ناخی مرۆڤ دەهەژێنێت و تا دنیا ماوە لە یاد ناکرێت و نەوەکانی کوردی پێ ئاشنا دەبێت، ئەوەندە ماوە کە بڵێین (رساله شەرکانی) رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی و داکۆکیکار لە مافی کەمینەکانە و هاوکات سەرۆکی رێکخراوی (رۆژا شنگال بۆ مافەکانی مرۆڤ)ە، لە چەندین کەناڵ و رۆژنامە و رادیۆشدا بەردەوام چالاکی هەیە.

دەستخۆشی لە خاتوو (رساله شەرکانی) دەکەین بۆ ئەو بەرهەمە بەپێز و گرنگەی کە بە تۆمارێکی مێژوویی کارەساتی شنگال و دڕندەیی تیرۆریستانی داعشی وێنا کردووە، بە هیوای سەرکەوتنی بەردەوام.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:


Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

د.نەژدەت ئاکرەیی



## خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان ١٩٩١ - ٢٠١٩

## شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

د. نەهرۆ عەلی




## کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان!

مەلا عەبدوڵلا شێرکاوەیی



## یەکێتی زانایان دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی

مەتین نوری خەلیل :



## بوونی پەکەکە لە گوندەکاندا هەڵەیە و دەبێتە هۆی کوژرانی خەڵک و فشاریش لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات

ئۆفرا بێنگیۆ :



## پێویستە کورد بە یەکگرتوویی کار بکات و پەرە بە تەبایی کۆمەڵگە بدات و شەڕی گەندەڵی بکات

ئاگرین عەبدوڵا :



## کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون پێویستی بە هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە



## داوا دەکرێت لە زانکۆ و پەیمانەگان برەو بەو بەشانە بدرێت کە هەلی کاریان زیاترە

## کەمیی کانزای کۆپەر لە لەشدا



## نۆکیا مۆبایلێکی کلاسیک- زیرەک بەرهەم دێنێ



هونەرمەند سیروان عوسمان:

## بەرهەمی هونەریمان لە تاراوگە لاوازە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە لە نیشتمانی رەسەنی خۆمان ناژین



بێریڤان محەممەد :

## خەونی من ئەوەیە ببم بە پاڵەوانی جیهان و راهێنەرێکی سەرکەوتوو بم





چوڤین تاهیر:

## پەیامی من ئەوەیە کە دەنگی ئافرەتی کورد بە دنیای دەرەوە بگەیەنم



# بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ی عێراق و پشکی کوردستان



# ئیرادەی سیاسیی هاوبەش گەشبینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەغدا و هەولێر دروست کردووە

**لەگەڵ ئەوەی هەموو ساڵێك لە كاتی ئامادەكردنی پڕۆژە یاسای بوجەی دەوڵەتی عێراقدا، كێشمەكێشێك لەسەر پشكی هەرێمی كوردستان دێتەئاراوە و ساڵانی پێشتر بە بێ ئەوەی ڕەچاوی دیدوبۆچوونەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كرابێت، یاساكە داڕێژدراوە و ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق كراوە، بەڵام بۆ ئامادەكردنی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ پێدەچێت كەشێكی لەباری سیاسی لە نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵیی عێراق هاتبێتە ئاراوە و هەر لەو مانگەدا وەزیری دارایی عێراق سەردانی هەرێمی كوردستانی كرد، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە گوێ لە دیدوبۆچوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان بگرێت، پێش ئەوەی پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ بنرێتە ئەنجومەنی وەزیران و پاشان ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بكرێت، ئەم هەنگاوانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵیی عێراقەوە، ئیرادەیەكی سیاسی بۆ چارەسەركردنی كۆی كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا دروست بوون بە ئامادەكردنی پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ یشەوە.**

**لە دانوستاندنەكاندا لە سەر پڕۆژە یاسای بودجەیساڵی ٢٠٢٠، پرسی ناردنی مووچەی فەرمانبەران یەكلا كراوەتەوە و ناكەوێتە چوارچێوەی ئەو دانوستاندنانەی لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەكە دەكرێت**

پشكی هەرێمی كوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق و موستەحەقاتی دارایی هەرێم لە بودجەی سیادی و حاكیمە كە لە ٤٠٪ی بودجەی عێراق پێك دەهێنێت؛ یەكێكە لەو دۆسیە گرنگانە لەنێوان بەغدا و هەرێم و ساڵانە مشتومڕ و دانوستانی زۆری لەسەر دەكرێت؛ بەڵام خۆشبەختانە لە ئێستادا دەروازەیەك بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە كراوەتەوە. ئێستا هەوڵەكان بۆ دانانی دیدوبۆچوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەناو پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقدا چڕ كراونەتەوە، ئەمەش دەرئەنجامێكی ئاسایی هەوڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانە كە بە شاندێكی باڵا چووە بەغداو لەگەڵ هەر سێ سەرۆكایەتییەكەی كۆمارو پەرلەمان و حكومەت كۆبووە، ڤیان سەبری سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە دیمانەیەكی گۆڤاری گوڵاندا ئەم هەنگاوەی بەرز نرخاندو پێی وابوو نیشانەی نییەتپاكی و ئیرادەی سیاسیی هەرێمی كوردستانە بەرامبەر چارەسەركردنی كێشە هەڵپەسێردراوەكان و متمانەیەكی گەورەی بەخشیوە بە دیالۆگ و دانوستانەكان، بەتایبەتی كە لە سەروبەندی گفتوگۆكانین لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی ٢٠٢٠ی عێراق، لەو كاتەوە تا ئێستا كۆبوونەوەكان و گفتوگۆكان بەردەوامن، هەر لەم چوارچێوەیەدا سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ نوێنەری فراكسیۆنە كوردستانییەكان لە پەرلەمانی عێراق كۆبووەوە، ئەمە وای كردووە هەموو هەوڵەكان بەرەو گەیشتن بە لێكتێگەیشتنێكی هاوبەش ئاراستە بكرێن، هاوكات جۆرە متمانەیەكیش هەیە بەوەی پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان نەچێتە ناو دانوستانەكانی بودجە، بەڵام لەو لاشەوە چەندین سێكتەر و بڕگەی جۆراوجۆر هەیە كە هێشتا گفتوگۆ و دانوستانەكانی لەسەر یەكلا نەبۆتەوە و تەنانەت دیدوبۆچوونی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، لەوانە:

- پشكی كورد لە بودجەی سیادی و حاكیمەدا.
- بودجەی تەشغیلی.
- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان.
- پرسی قەرزە نێودەوڵەتییەكان و بێبەشكردنی هەرێم لەو قەرزانە.
- پشكی كوردستان لە بوارەكانی دەرمان و ئاگركوژێنەوە و خۆراك و چەندین بواری دیكە كە لە ناو چوارچێوەی بودجەی سیادیدا دێت.
- پشكی هێزەكانی پێشمەرگە و شایستە دارایی و سەربازییەكانیان.

**جۆرە متمانەیەک هەیە بەوەی پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نەچێتە ناو دانوستانەکانی بودجە، بەڵام لەو لاشەوە چەندین سێکتەر و برگەی جۆراوجۆر هەیە کە هێشتا گفتوگۆ و دانوستانەکانی لەسەر یەکلا نەبۆتەوە و تەنانەت دیدوبۆچوونی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت**

**ئێستا هەوڵەکان بۆ دانانی دیدوبۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆژە یاسای بودجەی عێراقدا چڕ کراوەتەوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی ئاسایی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بە شاندێکی باڵا چووە بەغداو لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی کۆمارو پەرلەمان و حکومەت کۆبووە**

**ساڵ لەدوای ساڵ بودجەی عێراق هەڵکشانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ = ١٤ ملیار دۆلار و لە ساڵی ٢٠١٩ = ١١٢ ملیار دۆلار بووە**

● پرسی نەوت و قەرزەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

● پرسی دەستنیشانکردنی ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و مووچەکانیان.

ئەوەی لەم دۆسیەدا دەمێنێتەوە وتووێژەکانی لێژنەکان و ناو پەرلەمانی کوردستان و سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکانە، کە ئەم دۆسێیە بە چ ئاقارێکدا وەردەچەرخێنن و تاچەند دەتوانرێت داکۆکی لە تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان بکرێت، بوونی گفتوگۆو دانوستاندن و تەنانەت بوونی دیدوبۆچوونی جیاواز شتێکی ئاسایی و باشە، بگرە پێویستە بە گەشبینیەوە بروانینە ئەو گفتوگۆ و دانوستاندنانە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بوونی هەماهەنگیی نێوان نوێنەرانی کورد لە بەغدا و پاڵپشتیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە.

لەسەر ئەم پرسە د.بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گوڵان پێی گوتین: «سەردانی شاندەکان کارێکی ئیجابییە و تا دوو مانگی دیکەش سەردانی ئەم شاندانە و هاتووچۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتی بەردەوام دەبێت..»، بەڵام ئەوەی زیاتر لەم راپۆرتەدا تیشکی دەخەینە سەر پشکی هەرێمی کوردستانە لە بودجەکە و شایستە داراییەکانمانە.

● چوار دۆسێی سەرەکی لەنێوان هەرێم و بەغدا هێشتا چارەسەر نەکراون کە بریتین لە:

١. دۆسێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری تایبەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان (ناوچە جێناکۆکەکان).
٢. دۆسێی بودجە.
٣. دۆسێی نەوت و غاز.
٤. دۆسێی دەروازە سنوورییەکان و داهات و باجە ئیتیحادییەکان.

● لە دانوستاندنەکاندا لە سەر پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠، پرسی ناردنی مووچەی فەرمانبەران یەکلا کراوەتەوە و ناکەوێتە چوارچێوەی ئەو دانوستاندنانەی لەسەر پرۆژە یاسای بودجەکە دەکرێت.

● هەرێمی کوردستان موستەحەقات و مافی زۆری لە حکومەتی فیدراڵی نەدراوە، وەکو (قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی رژێمی پشوو لە جینۆساید و کیمیاباران و کۆمەڵکوژیی ٨٠٠٠ بارزانی و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان.

● شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و ئەو خەرجییانەی لە بودجەی سیادی بۆ سوپای عێراق خەرج کراوە، بەشی پێشمەرگەی لێ نەدراوە.

● زیادکردنی بڕگە و خەرجییەکانی سەرووەریی کە نزیکەی ٤٠٪ی بودجەکەیە، بەمەش هەرێمی کوردستان پشکی حەقیقی لە بودجەکە پێ نەدراوە، چونکە دوای بڕینی خەرجی سیادی ئەو کات پشکی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە.

● بەرزبوونەوەی بودجەی عێراق بە شێوەیەکی دراماتێکی لە ٢٠٠٣-٢٠٢٠

لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و پاشانیش دامەزراندنی حکومەتی راگوزەر لە ٢٠٠٤ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ٢٠٠٥، ساڵ لەدوای ساڵ بودجەی عێراق هەڵکشانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە کە دەکرێت بەمجۆرە پۆلێنی بکەین:

٢٠٠٣ = ١٤ ملیار دۆلار
٢٠٠٤ =١٨ ملیار دۆلار
٢٠٠٥ = ٢٦ ملیار دۆلار
٢٠٠٥= ٣٤ ملیار دۆلار
٢٠٠٦ = ٣٤ ملیار دۆلار
٢٠٠٧ = ٤٢ ملیار دۆلار
٢٠٠٨ = ٧٠ ملیار دۆلار
٢٠٠٩ = ٧٤ ملیار دۆلار
٢٠١٠ = ٧٥ ملیار دۆلار
٢٠١١ = ٨٤ ملیار دۆلار
٢٠١٢ = ١٠١ ملیار دۆلار
٢٠١٣ = ١٢٠ ملیار دۆلار
٢٠١٤ = ١٠٥ ملیار دۆلار
٢٠١٦ = ٩٥ ملیار دۆلار
٢٠١٧ =٦٨ ملیار دۆلار
٢٠١٨ = ٨٨ ملیار دۆلار
٢٠١٩ = ١١٢ ملیار دۆلار
٢٠٢٠ = (  ) ملیار دۆلار



**د.فازڵ نەبی**

بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەو ئیرادە سیاسییەی لەلایەن هەرێم و بەغداوە دروست بووە، ڕێککەوتن لەسەر بودجەی ٢٠٢٠ ئاسان دەکات

## لە بوجەی ٢٠١٩ تەواوی شایستە داراییەکانی هەرێم نەنێردراوە

# لەساڵی ٢٠١٣ بودجەی هەرێمی کوردستان ١٤ تریلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار بوو، بەڵام لەساڵی ٢٠١٩ پشکی هەرێمی کوردستان تەنیا ٩ تریلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار بوو، واتا ٥ تریلیۆن دینار لە پشکی هەرێمی کوردستان کەم بووە

**لێکتێگەیشتن و گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر پرسی بودجە، بەجیاواز لەساڵانی پێشوو ئاراستەیەکی ئیجابی وەرگرتووە، چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ لەو پرۆژە بودجەیەدا زۆر لە شایستە داراییەکانی هەرێم جێگیر بکرێت، نوێنەرانی کوردیش لە هەوڵی ئەوەدان پرسی مووچە لە بودجەی گشتی عێراقدا بخرێتە دەرەوەی دانوستانەکان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.فازڵ نەبی بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی حکومەتی عراق کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی دەخەینەڕوو.**

*** گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەلایەك و نوێنەرانی کورد لەبەغدا لەلایەکی دی، ئومێدێکی دروست کردووە، ئایا تاچەند ئەم لێکتێگەیشتنانە دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامێکی کۆتایی، بۆ زامنکردنی پشکی کوردستان لەبودجەی گشتیی عێراق؟**

- من پێم باشە ئەو گەشبینییەمان هەبێت، بەتایبەتی لە مەسەلەی گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، راستە دانوستانەکان کەمێك دواکەوتوون، چونکە دەبووایە پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولەوە رەوانەی حکومەت بکرایە، بەڵام تا ئێستا لە وەزارەتی دارایی دەرنەچووە، رەنگە لەژێر فشاری پەرلەمان حکومەتی عێراق لە تەواوکردن و ئامادەکردنی بودجەکە پەلە بکات، ئەوەی من ئاگادار بم، رەنگە رەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ تەنیا هەندێك تێبینی مابێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پشکی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێمەوە هەیە، ئەمەش حاڵەتێکی ئیجابییە بەوەی حکومەتی عێراق دەیەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پرسی بودجەدا بگەنە دەرئەنجامێك، واتا بە

شێوەیەکی گشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی لەسەر پرسی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ هەیە.

*** باس لەوە دەکرێت پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ناچێتە چوارچێوەی دانوستانەکانی بودجە، ئەمە تا چەند بۆ قسەکردن لەسەر پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق و سێکتەرەکانی دیکە رێخۆشکەر دەبێت؟**

- ئەوەی کە پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بخرێتە دەرەوەی چوارچێوەی دانوستانەکانی تایبەت بە بودجە کارێکی باشە، خۆ دەبێت هەموومان ئەو بیروبۆچوونەمان هەبێت، بەوەی ئەم پرسە بخرێتە دەرەوەی گفتوگۆکان، وەکو ئەوەی ئێستا هەیە، بەڵام ئێمە لە مەسەلەی پرسی بودجەدا پێویستمان بە چارەسەرێکی بنەڕەتی و یاسایی هەیە، بۆ ئەوەی یاسای بودجەی گشتیی عێراق وەکو ساڵانی پێش ٢٠١٧ی لێ بێتەوە. ئەو دەمەی ئێمە لە بەغدا بووین بەتایبەتی لەساڵی ٢٠١٣ بودجەی هەرێمی کوردستان ١٤ تریلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار بوو، بەڵام لەساڵی ٢٠١٩ پشکی هەرێمی کوردستان تەنیا ٩ تریلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار بوو، واتا ٥ تریلیۆن دینار لە پشکی هەرێمی کوردستان کەم بووە.

لە پرسی بودجەدا لەگەڵ عێراق پێویستیمان بەوە دەبێت کە لەسەر خاڵە سەرەکییەکان رێک بکەوین، نابێت بەرەو کاری لاوەکی بچین، لە ساڵی ٢٠١٩ کە بەغدا ٤٥٣ ملیار دینارمان وەکو مووچەی فەرمانبەران بۆ دەنێرێت، ئێمە قازانجمان نەکردووە، ئەمە زۆر کەمترە لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، هەربۆیە پێویستمان بەوە هەیە کە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق هەموار بکەینەوە، بۆ ئەوەی بە یاسا پشک و شایستە داراییەکانی هەرێم زامن بکەین و پرسی پشکی بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا چارەسەر بکەین.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نۆیەم ) زۆر بە جددی کاری بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوە بەردەوامەکان بەرەو پێشەوەچوونی زۆر باشی بەخۆوە بینیوە، ئایا ئەمە تاچەند رێخۆشکەرە بۆ رێککەوتن لە سەر بودجە؟**

- سوپاس بۆخوا ئێستا ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر بودجە و بواری نەوت و چەندین مەسەلەی دیکە لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیش هەیە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت زیاتر جەختی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی بودجەیە، چونکە رەنگە مەسەلەکانی دیکە وەکو پرسی بودجە خێرا نەبێت، چونکە دەبێت پرسی بودجە لە چەند هەفتەی داهاتوودا یەکلا بکرێتەوە، مادام ئیرادەی سیاسیش هەیە، کەواتە ئەمە خاڵێکی سەرەکییە بۆ ئاسانکاریی شاندی دانوستانکاری نێوان هەردوولا.

*** باسی شاندی دانوستانکارت کرد، بەردەوام شاندەکان لەسەر پرسی بودجە لە هاتوچۆ و کۆبوونەوە و گفتوگۆی بەردەوامدان، ئایا ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لە ئەندامانی شاندی باڵای دانوستانکاریی هەرێمی کوردستاندا هەبن؟**

- شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا پێویستە دوو مەرجی سەرەکییان تێدا بێت، خاڵی یەکەم: شاندێکی دانوستانکاری وا بن کە بتوانن ئیدارەی دانوستانەکە بکەن و شارەزاییان لە وتووێژ و دانوستان و کاریگەرییان لەسەر بەرامبەر هەبێت و بزانن چۆن (دانوستان) لەگەڵ لایەنی بەرامبەر دەکەن. خاڵی دووەم: دەبێت شاندەکە ١٠٠٪ زۆر زۆر شارەزا بن لەلایەنی نەوت و دارایی، ئەو کات دانوستان بکەن لەگەڵ لایەنی بەغدا، ئەم هونەرە لای شارەزاکان و پسپۆڕانی دارایی و ئابوورییە، هەربۆیە پێویستە لەپاڵ شاندی دانوستانکاری سەرەکی، کەسانی شارەزا و پسپۆڕیش ببردرێن، تا وەک هەموو جارەکانی دیکە بەغدا فێڵمان لێ نەکات، لە ئێستادا مادام ئیرادەی سیاسی هەیە، کەواتە زەمینەی لێکتێگەیشتن و گەیشتن بە رێککەوتن ئاسانکاریی و فەراهەم کراوە بۆ ئەوەی بگەنە دەرئەنجامێك، بەڵام بە تەئکید ئەنجامەکەی دەکەوێتە سەر زیرەکی و لێهاتوویی و شارەزایی شاندی دانوستانکار.

**پێویستە لە پاڵ شاندی دانوستانکاری سەرەکی، کەسانی شارەزا و پسپۆڕیش ببردرێن، تا وەک هەموو جارەکانی دیکە بەغدا فێڵمان لێ نەکات**

**پێویستمان بەوە هەیە کە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق هەموار بکەینەوە، بۆ ئەوەی بە یاسا پشک و شایستە داراییەکانی هەرێم زامن بکەین و پرسی پشکی بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا چارەسەر بکەین**

*** ئابووریناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە زیادکردنی بڕگەکانی بودجەی سیادی و حاکیمە بە جۆرێك کە ٤٠٪ی بودجەکە پێك دەهێنێت، زیانی گەورەی بە بودجەی راستەقینەی کوردستان گەیاندووە، ئایا تاچەند ئێمە دەتوانین شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و ماف و ئیمتیازاتەکانمان لەم دوو بڕگەیەی ناو پرۆژە یاسای بودجەکە بەدەست بێنین؟**

- وەکو پرەنسیپ بودجەی سیادی و حاکیمە لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا هەیە، تەنانەت وەکو پرەنسیی لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە رێککەوتنی لەسەر هەیە، بەڵام سەرەتا دەبێت ئێمە ئەم دوو بودجەیە لە یەکتر جیابکەینەوە، بودجەی سیادی شتێکە و بودجەی حاکیمە شتێکی دیکەیە، ئەو کاتانەی من لە بەغدا بووم، گرفتمان لەسەر بودجەی حاکیمە نەبوو، چونکە لە بودجەی حاکیمە ئێمە پشکی هەرێمی کوردستانمان دەنارد، هەر لەوەی پەیوەست بوو بە خۆراك و دەرمان و هەموو ئەو شتانەی دیکە کە بە نەختینەیی پارەی هێنراوی کارەبا و کڕینی وزە و...هتد دەناردرا، هەر بۆیە کورد لە بودجەی حاکیمە زۆر کێشەی نەبووە، بەڵام لە بودجەی سیادی کێشەیەکی گەورەی هەیە، چونکە هەرچەندە ئەم بودجەیە ساڵ لە دوای ساڵ زیاد دەبێت، بەڵام هەندێك خاڵی سەرەکی هەیە کە جێگای بودجەی سیادی نییە، بەداخەوە لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ لە غیابی کورد لە بەغدا بەتایبەتی لە وەزارەتی دارایی ژمارەیەکی زۆری خاڵی خراپ و ناڕەوایان خستە ناو بودجەی سیادی کە بڕە پارەیەکی گەورەیان لەخۆ گرتبوو، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە تەواوی بودجەکە هەبوو، ئەم گفتوگۆیە پێشتریش هەبووە کە ئێمە داوامانکرد ئەم خاڵ و بڕگانە پێویستە بخرێنە دەرەوەی بودجەی سیادی، بەڵام بە حوکمی بارودۆخەکە و قۆناغەکە بە ناچاری رێککەوتنێکی سیاسیمان لەگەڵ بەغدا کرد، ئەو بودجەیە بەو شێوەیە تێپەڕێندرا، هەر بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە لەسەر پرسی بودجە لە دەرەوەی رێککەوتنی سیاسیم، چونکە هەرێمی کوردستان بە دەستوور و یاسا دەتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و هەموو ماف و شایستە داراییەکانی خۆی لە یاسای بودجەکەدا بچەسپێنێت.

له ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ له غیابی کورد له بەغدا بەتایبەتی له وەزارەتی دارایی ژمارەیەکی زۆری خاڵی خراپ و ناڕەوایان خستە ناو بودجەی سیادی کە بڕە پارەیەکی گەورەیان لەخۆ گرتبوو

*** باس لەوە دەکرێت کە هەرێمی کوردستان رازی بووە بەوەی داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە بداتە بەغدا، ئایا ئەم مەسەلەیە بەکوێ گەیشتووە؟**

- لە راستیدا مەسەلەی نەوت لەناو بودجە گرفت و کێشەی زۆری تێدایە، خۆ ئەگەر سەیری دەقەکە بکرێت، دەبینین بواری مرونەی زۆری تێدایە، ئێستاش ئەندام پەرلەمانەکانی عەرەب لە بەغدا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەن و دەڵێن ئێمە نەمانوتووە هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی سۆمۆ بکات، بەڵکو وتوومانە لە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت کەمتر تەسلیم نەکات، واتا نابێت لە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆ سەرەوە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان چەندە، هەرێمی کوردستان ئەوەندە تەسلیم بکات، ئا ئەمەیە من دەڵێم دەبێت شاندی دانوستانکار زۆر بە ورییایەوە مامەڵە بکات و شارەزایی تەواوی لە دەق و رێزمان و نووسین و گفتوگۆدا هەبێت، چونکە هەموو ئەمانە کەموکورتیی یاسایی و تەکنیکی بۆ هەرێمی کوردستان لە دوارۆژدا دروست دەکات، هەر بۆیە پەرلەمانتارانی عەرەب لە بەغدا هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆیان قسە دەکەن و بەرگری لە هەرێمی کوردستان ناکەن، ئەگەر لایەنی یاسایی پاڵپشتیمان نەکات، زیانی گەورەمان بەردەکەوێت. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەو دوو سێ مانگەی کە ماوە من لەگەڵ ئەوەم هەرێمی کوردستان وەکو نیازپاکی ئەگەرچی لایەنی دارایی زیان دەکات، بەڵام بۆ لابردنی پاساو و بیانووی عەرەبەکان کە لە دژی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنێت، هاوکات یارمەتی برا کوردەکانی خۆمان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەدەین کە لە دانوستاندن و گفتوگۆکانیاندا دەنگیان بەرز بێت و بەو پەرلەمانتارە عەرەبانە بڵێن، ئەوەتا ئێمە پابەندی ئەوە بووین ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا تەسلیم بکەین، ئەرکی ئێوەشە راستگۆیانە و بە بێ غەدر پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و شایستە داراییەکانی کوردستان دابین بکەن و لە ناو بودجەدا جێگیری بکەن.

هەرێمی کوردستان بە دەستوور و یاسا دەتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و هەموو ماف و شایستە داراییەکانی خۆی لە یاسای بودجەکەدا بچەسپێنێت



**ئارام باڵەتەیی**

پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# حکومەتی کوردستان دەخوازێت بە شێوەیەکی ریشەیی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات

**ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بە گەشبینییەوە دەڕواننە هەوڵەکانیان بۆ دابینکردنی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش هاریکاری و هاوکاری لە نێوان فراکسیۆنە کورستانییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە، لە ئێستادا پەرلەمانتارانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە یەك تیم داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن. بۆ قسەکردن لە سەر دواهەوڵەکانی پەرلەمانتاران لەسەر پرسی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ ئارام باڵەتەیی وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ئەنجامدا، لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە دوای سوێندخواردنی کابینەکە، شاندێکی باڵا چوونە بەغدا و لەو کاتەوە تا ئێستا هاتووچۆ و کۆبوونەوەکان بەردەوامن و بەرەوپێشەوەچوون و تێگەیشتنی زۆر باش لە لایەن هەردوولاوە هەیە، تا چەند هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئێوەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا گرنگە، بەتایبەتی بۆ جێگیرکردنی پشکی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا؟**

- بەڵێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی کار بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لە بەغدا دەکات، نەك تەنیا کێشەی بودجە، بەڵکو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی وەکو ماددەی ١٤٠ و نەوت و موستەحەقاتی پێشمەرگە و هەموو شایستە داراییەکانی دیکەی هەرێم، خۆشبەختانە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە و هەموو دۆسێکانی نێوان هەرێم و بەغدا کاری لەسەر دەکات، لەمەشدا تەنیا بەدوای چارەسەرێکی کاتیدا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای چارەسەرێکی بنەڕەتیدا دەگەڕێت، تا هەموو ساڵێك ئەو کێشەو گرفتانە دووبارە سەرهەڵنەدەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا، لەسەر چارەسەری ستراتیژی و بنەڕەتی گفتوگۆ دەکات، ئەم نیازپاکییەش هەر لە دەستبەکاربوونی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە کە سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکە کۆبووەوە، ئەم سەردانەی پەیامێکی گرنگی لەخۆ گرتبوو، کە هەرێم بە جددی دەیەوێت کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەر بکات و ئامادەیی دانوستاندن و گفتوگۆشی هەیە، بەرهەمی ئەم نیازپاکییەش ئەو گفتوگۆ و دانوستاندنانەیە کە ئێستا لە بەغداو هەولێر بەڕێوەدەچن، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ئیتر بەربەست و ئاستەنگ نەماوە، هەندێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی عێراق هەیە کە بەربەست لە بەردەم گەیشتن بە رێککەوتن و چارەسەرەکان دادەنێت، بەڵام ئێمەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەناو پەرلەمانی عێراق، کار دەکەین بۆ گەیاندنی دیدوبۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەلایەنی بەرامبەر، چونکە چارەسەری هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و گەیشتن بە رێککەوتنێکی بنەڕەتی و ستراتیژی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا، لەسەر چارەسەری ستراتیژی و بنەڕەتی گفتوگۆ دەکات، ئەم نیازپاکییەش هەر لە دەستبەکاربوونی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە کە سەردانی بەغدای کرد**

**هەندێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی عێراق هەیە کە بەربەست لە بەردەم گەیشتن بە رێککەوتن و چارەسەرەکان دادەنێت**

**چارەسەری هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی و ستراتیژی لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدایە**

**تا ساڵی ٢٠١٩ کۆتایی دێت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەنێردرێت و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام لە بودجەی ٢٠٢٠ دەبێت دانوستاندن و ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکرێت**

**بە هیچ شێوەیەک پاشەکشە لە ماف و موستەحەقاتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێم ناکەین و هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم زامن بکەین**

**ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەستی عێراق بکات، دەبێت عێراقیش پابەندی و ئیلتزاماتی خۆی بەرامبەر قەرزەکانی هەرێمی کوردستان هەبێت**

لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدایە، چونکە ئەگەر پەیوەندیی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق باش بێت، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو بارودۆخی عێراق دەبێت.

*** هەر لەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم پرسە ببردرێتە دەرەوەی دانوستانەکان، ئایا بۆ ئەم پرسە هیچ کێشەیەك هەیە؟**

- بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراقەوە هەیە، تا ساڵی ٢٠١٩ کۆتایی دێت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەنێردرێت و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام لە بودجەی ٢٠٢٠ دەبێت دانوستاندن و ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکرێت، بەتایبەتی لەسەر بابەتی نەوت و چەند و چۆن کوردستان ئەو بڕە نەوتەی لەسەری ڕێك دەکەون، تەسلیمی بەغدای بکات و هاوکات چەندیش تەسلیم ناکرێت، ئەم بابەتە تا ئێستا دانوستاندنمان لەسەر نەکردووە، چونکە تا ئێستا ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجە لە حکومەت بۆ پەرلەمان نەهاتووە، تاوەکو ئێمە دانوستاندنی لەسەر بکەین، ئەوەی هەیە گفتوگۆکردنی کۆمەڵێك دیدوبۆچوونی جیاوازە لە لای حکومەت گەڵاڵە بووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی حکومەتی عێراقی کردووە، هەموو ئەم دیدوبۆچوونانەش لەسەر بنەمای واقیعی و زانستین، تاوەکو هەردوو لا بگەنە دەرئەنجامێکی باش، ئەوەی لەلای ئێمە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان جێگیرە، ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك پاشەکشە لە ماف و موستەحەقاتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێم ناکەین و هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم زامن بکەین.

*** سەردانی وەزیری دارایی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، لە بری ئەو سەردانە بوو کە شاندێکی هەرێمی کوردستان بچێت بۆ بەغدا، ئامانج لەو سەردانە بۆ ئەوە بوو کە پێش ئەوەی بودجەی عێراق ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق بکرێت، دیدوبۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخرێتە ناو پرۆژەی بودجەی عێراق، ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان هەردوو حکومەت تاچەند کاری لیژنەکانی پەرلەمانی ئاسان دەکات؟**

- سەردانی بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق بۆ هەولێر و دواتر سەردانی وەزیری دارایی عێراق بۆ کوردستان، هەمووی بۆ زیاتر لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هاوکات ئەوان دەخوازن دیدوبۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق بزانن، هەروەها بیروبۆچوونەکانی نێوان هەردوو حکومەت ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت و دانوستاندنی لەسەر دەکرێت، دانوستاندنێکی قووڵ و بەئامانج بۆ ئەوەی بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق کەموکورتی و ناکۆکی تێدا نەبێت، من هاتنی وەزیری دارایی عێراق و هەموو شاندو لیژنەکانی نێوان هەردوو لا بە ئیجابی دەزانم، چونکە لە نزیکەوە گوێبیستی ڕاوبۆچوونەکانی یەکتر دەبن و ئەوەش لێکتێگەیشتنی زیاتر دروست دەکات. لە ڕۆژانی داهاتوودا گفتوگۆ و دانوستانەکان زیاتر دەبن و لیژنەکانی پەرلەمان دادەنرێن و هاتوچۆی لیژنە پەرلەمانییەکان زیاتر دەبێت، تەنانەت لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش دێنە بەغدا و بەپێچەوانەشەوە، ئەمانەش هەمووی لە پێناو زیاتر لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێم و عێراقە، بەمەش لە چارەسەرەکان نزیك دەبینەوە.

*** مەسەلەی ڕادەستکردنی داهاتی نەوتی هەرێم بە بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئایا ئەمە چۆنە ؟**

- هەرێمی کوردستان کێشەی لەوەدا نییە کە ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت، یان داهاتەکەی تەسلیمی بەغدا بکات، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا هەندێك ئیلتیزاماتی کۆمپانیاکانی لەسەرە، کە دەبێت بەغدا پابەندی ئەو ئیلتزامات و قەرزانە بێت، خۆ مەعقوول نییە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەستی بەغدا بکات و پارەی قەرزی کۆمپانیاکانیش بدات، لەو کاتەدا بۆ خەڵکی کوردستان هیچ بڕە پارەیەك نامێنێتەوە

بۆ ئەوەی بەشی کاروباری ساڵێك بکات و مووچەی فەرمانبەرانیش بدات، ئەوەی من ئاگاداری بم تا ئێستا گفتوگۆ و دانوستاندن لەسەر ئەو خاڵە بەردەوامە، کە ئایا کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت، یان زیاتر تەسلیمی بەغدا بکات، لە بەرامبەردا بەغدا تاچەند پابەندی پێدانەوەی قەرزەکانی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە لەمەدا دەبێت حکومەتی عێراق بێتە پێشەوە و چیتر بارگرانی و بارودۆخی قورسی هەرێمی کوردستان درێژە نەکێشێت، بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی زۆری کۆمپانیاکانی نەوت و ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی لەسەر شانە، ئەم قەرزانەش بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان بودجەی تەواوی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ی بەدەست نەگەیشت، ئەمەش حکومەت و خەڵکی کوردستانی تووشی قەیرانێکی سەخت کرد، هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت رادەستی عێراق بکات، دەبێت عێراقیش پابەندی و ئیلتزاماتی خۆی بەرامبەر قەرزەکانی هەرێمی کوردستان هەبێت.

*** کێشەی سەرەکی پرسی پشکی کوردستان هێندەی لەسەر بودجەی سیادی و حاکیمەیە، هێندە لەسەر پرسەکانی دیکە نییە، ئایا چۆن دەبێت لەم بودجەیە کە رێژەی ٤٠٪ی بودجەی عێراق پێکدەهێنێت، هەرێمی کوردستان پشکی خۆی وەرنەگرێت؟**

- ئێمە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان تێبینیی زۆرمان لەسەر ئەم بابەتە هەیە، نابێت حکومەتی فیدراڵی عێراق بڕە پارەیەکی زۆر لە خەرجییەکانی بودجەی سیادی لە هەرێمی کوردستان ببڕێت، لەکاتێکدا هیچ خەرجی و بابەتێك لەو بودجە سیادییە بۆ کوردستان نییەت، چارەسەری ئەم کێشەیە بە دوو رێگا دەبێت، یان هەرێمی کوردستان پشکی بودجەی خۆی پێش بڕینی بودجەی سیادی وەربگرێت، یانیش دەبێت ماف و شایستە دارایی و هەموو ئەو خەرجی و پێداویستییانەی لە بودجەی سیادی خەرج دەکرێت، بۆ کوردستانیش بنێردرێت و پشکی کوردستان لە هەموو برگە و بابەتێکی بودجەی سیادی جێگای بکرێتەوە.

سەبارەت بە قەرزی نێودەوڵەتییش حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ تاکو ٢٠١٧ زیاتر لە ٦٢ ملیار دۆلاری وەکو قەرز وەرگرتووە و هیچی بە کوردستان نەداوە، کەچی ئێستا لە دارشتنەوەی بودجەدا پێدانەوەی هەموو ئەو قەرزانە لەسەر هەرێمی کوردستانیش دادەنرێت، هەر بۆیە یا دەبێت بەشێك لەو قەرزانە بدرێتە هەرێمی کوردستان، یان دەبێت لە پشکی هەرێمی کوردستان ئێمە هیچ رێژەیەك لە پێدانەوەی ئەو قەرزانە نەدەین، من ئەم بابەتە بە نادادپەروەرییەکی گەورە دەزانم و پێویستە شاندەکانی دانوستاندن گرنگییەکی زۆری پێ بدەن و لە گفتوگۆکانیاندا چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

*** رۆڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە دانوستانەکان و بەرگریکردن لە مووچە و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە چییە؟**

- فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەگشتی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین بەرگری لە هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین، لە هەموو دانوستان و گفتوگۆکاندا کە لەگەڵ فراکسیۆنە جیاجیاکان و لایەنە سیاسییەکاندا ئەنجاممان داوە، داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی خەڵکی کوردستان بووین، بەتایبەت لە مەسەلەی مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستاندا، ئێمە لە مافەکانی خۆمان زیاتر داوای هیچ ناکەین و هیچ کاتێکیش ئامادە نین سازش لەسەر مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بکەین، لەم پێناوەشدا بەهەموو توانای خۆمان کار دەکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت، لەلایەکی دیکەشەوە رۆڵی بەرێز وەزیری دارایی لە ناردنی بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم زۆر گرنگ بوو، بەڵام ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین کە بەرێز وەزیری دارایی وەزیرێکی فیدراڵییە و لە حکومەتی فیدراڵی کار دەکات، ئێمەی فراکسیۆنەکانیش نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەین و بە جددی بەرگری لەو بابەتە دەکەین.

**نابێت حکومەتی فیدراڵی عێراق بڕە پارەیەکی زۆر لە خەرجییەکانی بودجەی سیادی لە هەرێمی کوردستان ببڕێت، لەکاتێکدا هیچ خەرجی و بابەتێک لەو بودجە سیادییە بۆ کوردستان نەیەت**

**حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ تاکو ٢٠١٧ زیاتر لە ٦٢ ملیار دۆلاری وەکو قەرز وەرگرتووە و هیچی بە کوردستان نەداوە، کەچی ئێستا لە دارشتنەوەی بودجەدا پێدانەوەی هەموو ئەو قەرزانە لەسەر هەرێمی کوردستانیش دادەنرێت**

**ئێمە لە مافەکانی خۆمان زیاتر داوای هیچ ناکەین و هیچ کاتێکیش ئامادە نین سازش لەسەر مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بکەین**

**رۆڵی بەرێز وەزیری دارایی لە ناردنی بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم زۆر گرنگ بوو، بەڵام ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین کە بەرێز وەزیری دارایی وەزیرێکی فیدراڵییە و لە حکومەتی فیدراڵی کار دەکات**



د. سامان بەرزنجی
وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سیستمی بیمەی تەندروستی زامنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دەکات

■

## دوای دەستبەکاربوونی ئەنجوومەنی راژە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی دادەمەزرێن

■

## کوالیتی و ئیمکاناتی نەخۆشخانە حکوومییەکان لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەرزترە



**سێکتەری تەندروستی یەکێکە لەو سێکتەرانەی کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، لەمەش زیاتر بەهۆی بارودۆخی نالەباری عێراق و ئەوەی کە تا ئێستاش نزیکەی ١,٥ ملیۆن پەنابەر و ئاوارە لە کوردستان دەژین و ئەوانیش وەك هاووڵاتی کوردستان پێویستیان بە دابینکردنی دەرمان و چارەسەری تەندروستی هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی سەقامگیریی کوردستان و پێشکەوتنی ئەم سێکتەرە بەراورد بە سێکتەری تەندروستیی حکومەتی عێراق، کە وایکردووە ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی عێراق لە شارە جیاوازەکانەوە بۆ چارەسەری پزیشکی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت و گشتی، چارەسەریان پێ دەدرێت، هەربۆیە ئەم سێکتەرە لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و جیا لەوەی لە بەرنامەدایە ئەنجومەنێك بۆ سەلامەتیی خواردن و دەرمان لە هەرێم دابمەزرێت، لە هەمانکاتدا چەندین پرۆژە یاسای تایبەتیش بەم سێکتەرە لە بەردەستی حکومەتن بۆ ئەوەی بنێردرێنە پەرلەمان و پەسەند بکرێن و ببن بە یاسا، ئەو یاسایانەش، وەك یاسای مافی پاراستنی نەخۆش و مافی پاراستنی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی و...هتد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سێکتەرە گرنگە گوڵان سەردانی د.سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لەمیانەی ئەو دیدارەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە دامەزراوەی کۆنترۆڵکردنی خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا دروست دەکرێت**

*** سێکتەری تەندروستی، یەکێکە لە سێکتەرە گرنگەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێوە لە ماوەی مانگی رابردوو، بەرنامەی وەزارەتتان بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئامادە کردووە و ناردووتانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئایا ئەو ڕەهەندە سەرەکییانە چین کە بەرنامە و سیاسەتی وەزارەتی تەندروستی بۆ چوار ساڵی داهاتوو دەستنیشان کردووە؟**

- کەرتی تەندروستی بە گرنگترین کەرتی خزمەتگوزاری دادەنرێت لە هەموو وڵاتانی دنیا، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە لە بواری قەیراندان، هاوکات کەرتی تەندروستی ڕۆڵێکی گەورە لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان دەبینێت، نەك تەنیا بۆ نەخۆش، بەڵکو بۆ هەموو هاووڵاتییەك، بۆیە لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە هێڵە گشتییەکانی ئەو کارنامەیەدا لە ڕۆژی متمانەپێدان بە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو بڕگەکانی خستەڕوو کە تێیدا زۆر گرنگی بە کەرتی تەندروستی داوە لە دوو بەشدا، لە بەشی یەکەم، لەسەر ئاستی چاکسازییەکانە و لە بەشی دووەمیشدا باسی کەمکردنەوەی ڕۆتین دەکات بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتی، چونکە هاووڵاتی لە ناو کەرتی حکومەتدا زۆرترین سەردانی بۆ دامودەزگا تەندروستییەکانە، هەروەها لە بڕگەی حەوتەم لەسەر ئاستی چاکسازیدا باسی چاکسازی لە کەرتی تەندروستی لە داودەرمان و خۆراك دەکات، کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە دامەزراوەی کۆنترۆڵکردنی خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا دروست دەکرێت، ئەمەش دوو بڕگەیە لە ئاستی چاکسازیدا لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات لە ئاستی خزمەتگوزاریدا لە هەمان هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتی کوردستاندا لە یەکەمین

خاڵدا باسی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەکات بۆ هاووڵاتی کە ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەرز بکرێتەوە و سیستەمی بیمەی تەندروستی دابنرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتی زامنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بکات، بەتایبەتی لە کەرتی گشتیدا، هەروەها بەپێی پێوەرە گونجاوەکان بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان باسی کۆمەڵێك پڕۆژە یاسا دەکات، لە نێو ئەوانەدا پڕۆژە یاسای پاراستنی مافی نەخۆش، هەروەها پاراستنی مافی پزیشکان و کارمەندان و ئەرکی پاراستنیان لە دامودەزگاکاندا، بێگومان بە شێوەیەکی گشتی لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر بڕگە هەن کە بۆ هەموو وەزارەتەکانە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر بە هاووڵاتی بکەن، ئێمەش لەم روانگەیەوە لە ماوەی رابردوودا دەستبەجێ دەستمان کردووە بە ئامادەکردنی بەرنامەی کاری سێکتەری تەندروستی، بۆ ئەمەش یەکەم قۆناغ راوێژکردن بوو بە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك سەندیکا پەیوەندیدارەکان و کەرتی تایبەت و هەموو دامودەزگا تەندروستییەکانی پارێزگاکان و چەندین لایەنی رێکخراوی حکوومی و ناحکوومی کە لە بواری تەندروستی کار دەکەن، جگە لەوەش هەوڵمانداوە بە رێگەی راگەیاندن و هۆیەکانی گەیاندن هەموو ئەو پرۆژانەی لەلایەن هاووڵاتی و خەڵکی تایبەتمەندەوە پێشنیار کراون، کۆیان بکەینەوە، لە هەموو ئەمانە پوختەی پڕۆژە و بەرنامەی کارمان پێشکەشی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە دەکرێت بڵێین دوای پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەبێتە کارنامەی سێکتەری تەندروستی بۆ چوارساڵی داهاتوو.

*** لە پەرلەمانی کوردستان چەند پڕۆژە یاسایەك هەیە کە لایەنی وەزارەتی تەندروستییش دەگرێتەوە، وەك یاسای (پاراستنی مافی نەخۆش، یاسای بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر، کە مەبەستمان خەڵکانی ئالوودە بووە بە ماددەی هۆشبەرە وەك (نەخۆش)، ئایا رەهەندی ئەم دوو یاسایە و گرنگییەکەی بۆ بەرژەوەندیی تەندروستیی هاووڵاتیان چییە؟**

- پێشتر چەندین پڕۆژە یاسا چوونەتە پەرلەمانی کوردستان و پڕۆژە یاسای دیکەش هەیە کە هەندێکی لەلای حکومەتە و هەندێك پڕۆژە یاساش هەیە کە هێشتا لەلایەن وەزارەتی تەندروستی رەوانە نەکراون، بەڵام وەزارەتی تەندروستی جگە لەو پڕۆژە یاسایانە، هەندێك پڕۆژە یاسای نوێی هەیە کە ئێستا خەریکی دارشتنەوەیانین و هەموو پڕۆژە یاساکانیش پێداچوونەوەو خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەکەین، ئەو پڕۆژە یاسایانەش بە فەرمی بریتین لە (١١) پڕۆژە و رەوانەی حکومەتی کوردستانیان دەکەین، لەوێشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەچێت، دیارە ئەم پڕۆژە یاسایانەش بەپێی ئەولەوییەت و پێشینەیی و گرنگییان لە پەرلەمان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت و دەخرێنە دەنگدانەوە، لەوانە پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانمان رەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، دوای ئەوەش لە رێگای وەزیری کاروباری پەرلەمانەوە ئەم پڕۆژە یاسایە رەوانەی پەرلەمان دەکرێت و پڕۆژە یاسای پاراستنی مافی نەخۆش، ئەویش لەبەردەستمانە.

*** باس لەوە دەکرێت کە سیاسەتی ئەم کابینەیە ئەوەیە بواری زیاتر بە کردنەوەی نەخۆشخانەی ئەهلی بدرێت، بۆ ئەوەی پێداویستیی کوردستان پڕ بکاتەوە، ئایا سیاسەت و مامەڵەی ئێوە بە بەراورد لە نێوان نەخۆشخانە حکومییەکان و ئەهلییەکان چۆنە؟ ئایا سیاسەتێکی واتان هەیە کە کۆنتڕۆڵی (نرخ) لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکەن؟**

- لەم کابینەیەدا بە شێوەیەکی گشتی پاڵپشتی و هانی کەرتی تایبەت دەدرێت، بەڵام هاوکات کۆنترۆڵ و چاودێرییش دەکرێت، چونکە ئێستا کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستیدا بەشێکی گەورەی سیکتەری تەندروستییە و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، بەڵام بەم شێوازەی ئێستاکە نا، چونکە ئێستا جۆرە ئاڵۆزی و تێکەڵبوون و سەرلێشوانێك بۆ هاووڵاتی هەیە. لەم دیدارەشدا حەزدەکەم وەك یەکەمین میدیای کوردستان ئەوەتان پێی رابگەیەنم کە لە رۆژی ٢٠١٩/٩/٢٥ وە، لیژنەیەکی هاوبەشمان لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان

**لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر بڕگە هەن کە بۆ هەموو وەزارەتەکانە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر بە هاووڵاتی بکەن**

**هەوڵمانداوە بە رێگەی راگەیاندن و هۆیەکانی گەیاندن هەموو ئەو پرۆژانەی لەلایەن هاووڵاتی و خەڵکی تایبەتمەندەوە پێشنیار کراون، کۆیان بکەینەوە، لە هەموو ئەمانە پوختەی پرۆژە و بەرنامەی کارمان پێشکەشی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە**

**کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستیدا بەشێکی گەورەی سیکتەری تەندروستییە و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، بەڵام بەم شێوازەی ئێستاکە نا، چونکە ئێستا جۆرە ئاڵۆزی و تێکەڵبوون و سەرلێشوانێک بۆ هاووڵاتی هەیە**

**لیژنەیەکی هاوبەشمان لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا پەیوەندیدارەکان دامەزراندووە، تاوەکو کاری نەخۆشخانە تایبەتەکان لە رووی نرخ و کوالیتی و جۆری کارکردنەوە رێک بخەینەوە**

**پێویستە هەموو پێداویستیی پزیشکی و تەندروستیی هەرێمی کوردستان (٪١٠٠) لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقی فیدراڵ لە رێگای دامەزراوەی کیمادیە بگاتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە نەک ئەم ژمارەو رێژەیە هەمووی ناگات، بەڵکو هەموو پارێزگاکانی عێراق گرفت و کێشەی دەرمانیان هەیە**

**ئەوەی لە دەرمان و پێداویستی دەگاتە دەستی ئێمە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە ٤٣٪ی پێداویستی هەرێمی کوردستانە، ئەوەی دیگەی لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت کە مانگانە بڕی شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان دەکرێت**

دامەزراندووە، تاوەکو کاری نەخۆشخانە تایبەتەکان لە رووی نرخ و کوالیتی و جۆری کارکردنەوە رێك بخەینەوە، دەبێت کوالیتی بەرز بێت و پۆلینی نەخۆشخانە تایبەتەکان بەپێی ژمارەی ئەستێرەکان بن، بۆ ئەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەتیی نوێ و سەردەمییانە لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی کۆن لە یەکتر جیا بکرێتەوە و لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی کوردستاندا بن. هەروەها لە رووی دەوامکردنی پزیشکان لە کەرتی گشتی و تایبەت کۆمەڵێك رێکار هەیە، ئێمە رێکیان دەخەین .

*** وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە بواری دابینکردنی دەرمان پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق هەیە، ئاشکرایە ساڵانی پێشوو، پشکی دەرمانی هەرێمی کوردستان بە رێکوپێکی لە وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە نەدەگەیشتە هەرێم، ئایا تا چەند هەوڵتانداوە کێشەکانتان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەن و هاوکاری و هەماهەنگیی پێویستان هەبێت؟**

- بێگومان راستە نەك تەنیا دەرمان، بەڵکو دەرمان و ئامێر و پێداویستیی پزیشکی و تاقیگە و هەموو پێداویستییە تەندروستییەکان و خەرجی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست دەبێت لەسەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ بێت، چونکە بودجەی تەندروستی لە عێراقدا لەسەر بودجەی حاکیمەیە، بۆیە پێویستە هەموو پێداویستیی پزیشکی و تەندروستیی هەرێمی کوردستان (٪١٠٠) لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقی فیدراڵ لە رێگای دامەزراوەی کیمادیە بگاتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە نەك ئەم ژمارەو رێژەیە هەمووی ناگات، بەڵکو هەموو پارێزگاکانی عێراق گرفت و کێشەی دەرمانیان هەیە، واتە وەزارەتی تەندروستیی عێراق نەیتوانیوە ٪١٠٠ کێشەکان چارەسەر بکات. هەر بۆیە ئەوەی لە دەرمان و پێداویستی دەگاتە دەستی ئێمە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە ٤٣٪ی پێداویستی هەرێمی کوردستانە، ئەوەی دیگەی لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت کە مانگانە بڕی شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان دەکرێت و بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستیی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە کە ئەوانیش لە رێگای پرۆسەی تەندرین دەرمان دابین دەکەن، بەڵام گرنگە ئەوە بخەینەڕوو کە بەوەی بەغدا دەینێرێت و بەو ٦ ملیار دینارەشی کە مانگە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دابینی دەکات، هێشتا ١٠٠٪ی پێداویستیی تەندروستی و نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان دابین ناکات، هەر بۆیەش هاووڵاتی گلەیی دەکات و زۆرجار دەڵێت لە نەخۆشخانەکان دەرمان نییە، لەلایەکی دیکەوە کێشەی نەبوونی دەرمان تەنیا نەبوونی بودجە و پارە نییە، بەڵکو هەندێکجار لە رووی تەکنیکییەوە، دەرمانی کوالیتیی کۆنترۆل و پشکێندراوت دەست ناکەوێت، یان کۆمپانیاکانی تایبەت بە دەرمان، دەرمان بە قەرز نادەن، چونکە حکومەت دەمودەست و بە کاش ناتوانێت پارەکە بدات، هاوکات هەندێکجار دەرمانەکە تایبەتە بە کۆمپانیایەك کە لەگەڵ عێراق مامەڵە دەکات، بۆ نموونە دەرمان و پێداویستییەکانی کوتان و هەڵمەتی کوتان ئەوانە هەر هەمووی کێشەی دەرمان دروست دەکەن و بە شێوەیەکی گشتی باری سەر نەخۆشخانەکانی کوردستان زۆر قورس و گرانە ئەو هۆکارەش وادەکات دەرمان بەش نەکات.

*** لەگەڵ دەستپێکی کاری کابینەی نۆیەم، سەرلەنوێ دەوام رێکخراوەتەوە، وەك بیستوومانە پزیشکی پسپۆڕ دەبێت تا کۆتایی دەوام لە نەخۆشخانەکان بمێنێتەوە و ناتوانێت لەکاتی دەوام سەردانی کلینیك، یان نەخۆشخانەی ئەهلی بکات، ئایا بەم هەنگاوە ئاستی خزمەتگوزاریی پزیشکی لە نەخۆشخانە حکوومییەکان نزیك دەبێتەوە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان؟**

- پێش هەمووشت دەمەوێت بە قەناعەتەوە پێتان بڵێم، لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێمان خۆشە کە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کوالیتییان بەرز و باش بێت، بەڵام ئاستی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نەخۆشخانە حکوومییەکان زۆر بەرزتر و بە ئیمکاناتترە، ئەمە وێڕای ئەوەی نەخۆشخانە حکوومییەکان بەراورد بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان لەژێر چاودێری و فشارێکی گەورەشدان. بۆیە




بوونی نەخۆشخانەی ئەهلی مانای ئەوە نییە کە کەرتی تایبەت باشترە، بەڵام خەڵکەکە فێر بووە بڵێت کەرتی تایبەت باشترە، چونکە کە پارەکە دەدات، لە رووی دەروونییەوە وادەزانێت زیاتر خزمەت دەکرێت، ئەگینا نەخۆشخانە حکوومییەکان زۆر باشترن، سەبارەت بە رێکخستنەوەی دەوام بۆ هەموو فەرمانبەرانی حکوومی وەك یەکە و پزیشکیش وەکو هەر فەرمانبەرێکی دیکە لە وەزیفەی گشتی ئەرك و مافی هەیە، دەبێت لە ماوە و کاتی وەزیفیی خۆیدا لە نەخۆشخانە بێت و لەگەڵ نەخۆشەکەی بمێنێتەوە. ئێمە بڕیارمان داوە و ئەو بڕیارە لە بواری جێبەجێکردندایە و بە هەموو نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتمان راگەیاندووە کە نابێت لە ماوەو کاتی دەوامی فەرمی، پزیشکی وەزیفەی گشتی لە نەخۆشخانەی تایبەت کاری نەشتەرگەری و چارەسەرکردن بکات، بەڵکو تەنیا ئەو پزیشکانەی خانەنشینن، یان لە حکومەت دانەمەزراون، دەتوانن بەیانییان لە نەخۆشخانەی کەرتی تایبەت کار بکەن، بەڵام پزیشکی حکوومی تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ قەدەغەیە بچێت کار لە نەخۆشخانەی ئەهلی بکات، ئەم بڕیارە هەموو کارمەند و شوفێر و پزیشکی حکوومی دەگرێتەوە، تاوەکو لە نەخۆشخانە حکوومییەکان خزمەتی خەڵکی هەژار و هاووڵاتیان بکەن، ئەم بڕیارە بۆ ئەوەشە کە نابێت ئەو تێکەڵبوونە لە نێوان نەخۆشخانەی گشتی و کەرتی تایبەت هەبێت.

*** کێشەی دەرمان و دەرمانخانە، کێشەیەکی دیکەیە کە نەخۆش نائومێد دەکات، بۆ نموونە بۆ یەك دەرمانی چارەسەرکردن، خاوەنی دەرمانخانە چەند ئۆپشنێك دەخاتە بەردەستی نەخۆش کە کۆمەڵێك نرخی جیاواز لەخۆی دەگرێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی باشترین دەرمان بۆ چارەسەر لەلایەن سەندیکای دەرمانسازانەوە دیاری ناکرێت تا نەخۆش لەم دڵەڕاوکێیە رزگار بکەن؟**

- پڕۆسەی چاکسازی لە بواری دەرماندا پڕۆسەیەکی بەردەوامە و ئێستا کۆمەڵێك بڕیار هەیە، تەنانەت نوێنەری داواکاری گشتی بەڕێز دادوەر دڵشاد لەگەڵمانەو پڕۆسەکە دەستی پێ کردووە. راستە هەندێك لەسەرخۆ دەڕوات، بەڵام ئومێدمان هەیە پڕۆسەکە

**بوونی نەخۆشخانەی ئەهلی مانای ئەوە نییە کە کەرتی تایبەت باشترە، بەڵام خەڵکەکە فێر بووە بڵێت کەرتی تایبەت باشترە، چونکە کە پارەکە دەدات، لە رووی دەروونییەوە وادەزانێت زیاتر خزمەت دەکرێت، ئەگینا نەخۆشخانە حکوومییەکان زۆر باشترن**

**پزیشکی حکوومی تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ قەدەغەیە بچێت کار لە نەخۆشخانەی ئەهلی بکات، ئەم بڕیارە هەموو کارمەند و شوفێر و پزیشکی حکوومی دەگرێتەوە، تاوەکو لە نەخۆشخانە حکوومییەکان خزمەتی خەڵکی هەژار و هاووڵاتیان بکەن**

**لە کۆی (٢٠٤) کۆمپانیای دەرمان کە لە هەرێمی کوردستان هەن، تەنیا (٦٩) کۆمپانیا پابەندن بە هەموو ڕێنماییەکانی چاککردنی کۆگاکانیان بۆ هەڵگرتنی دەرمان و کۆمپانیاکانی دیکە دوائاگادارکردنەوەیان پێ دراوە، دەبێت ئەوانیش پابەندی ڕێنماییەکان و مەرجەکانی چاککردنی کۆگاکانیان بن**

**هەر دەرمانخانەیەک مۆڵەتی سەندیکای دەرمانسازانی نەبێت و دەرمانساز کاری تێدا نەکات، ئەو دەرمانخانەیە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرێت و دادەخرێت**

**تا ئێستاش نزیکەی یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار ئاوارە و پەناهەندە لە هەرێمی کوردستانن و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ پشکنین و وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن**

خیراتر بڕوات، سەرەڕای ئەوەی دامەزراوەی خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، لە پرۆسەکانی پشکنینی بازاڕ و دەستبەسەرداگرتنی دەرمانی قاچاخ و چۆنیەتی گواستنەوەی لەسەری بەردەوام کار دەکەین، هەر بۆ زانیاریی ئێوە، لە کۆی (٢٠٤) کۆمپانیای دەرمان کە لە هەرێمی کوردستان هەن، تەنیا (٦٩) کۆمپانیا پابەندن بە هەموو ڕێنماییەکانی چاککردنی کۆگاکانیان بۆ هەڵگرتنی دەرمان و کۆمپانیاکانی دیکە دوائاگادارکردنەوەیان پێ دراوە، دەبێت ئەوانیش پابەندی ڕێنماییەکان و مەرجەکانی چاککردنی کۆگاکانیان بن، بەپێچەوانەوە ناتوانین لەگەڵیان کار بکەین و مۆڵەتەکانیان لێ وەردەگیرێتەوە. بۆیە چاکسازی لە بواری دەرمان بەردەوامە و دەبێت دەرمان لە دەستی دەرمانساز بێت و دەرمانساز ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەکاتی وەرگرتنی دەرمان و فرۆشتن و هەڵگرتن و تەنانەت دەبێت ڕۆڵی دەرمانساز لە دەرمانخانەکانی ناو بازاڕیشدا دیار و کاریگەر بێت. هەر بۆ زیاتر گرنگیدان و جەختکردنەوە لەسەر ئەم لایەنە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٥ لە کۆنفرانسی ڕۆژی جیهانیی دەرمانسازان جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت دەرمانساز ڕۆڵی خۆی ببینێت و دەرمانساز خاوەندارێتی دەرمان بکات، نەوەك دەرمان لە دەستی کەسانی دەرەوەی بواری تەندروستیدا بێت.

*** هەر سەبارەت بە دەرمانخانەکان، خەڵکێکی زۆر دەڵێت دەرمانخانەکان وەك دووکانێکی ئاسایی لێهاتووە و هیچ تایبەتمەندییەکی نەماوە، پزیشکی دەرمانساز بڕوانامەکەی بە کرێ دەدات و خۆی لەسەر دەرمانخانەکە کار ناکات، ئەگەر دەرمانسازی پێویسی بە پسپۆڕی نییە، ئەی کۆلێژی دەرمانسازیمان بۆ چییە؟**

- لێرەدا دووبارە ئاماژە بەوە دەکەمەوە، ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئەوەین کە دەرمانساز بە تەواوەتی کۆنترۆڵی بواری کارکردن لە دەرمان بکات و بە تەئکید هەر دەرمانخانەیەك مۆڵەتی سەندیکای دەرمانسازانی نەبێت و دەرمانساز کاری تێدا نەکات، ئەو دەرمانخانەیە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرێت و دادەخرێت.

*** پرسی دامەزراندنی پزیشکان (پزیشکی گشتی و ددان)، هەروەها دەرچووانی کۆلێژی پەرستاری، یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی سێکتەری تەندروستی، ئێستا لە کوردستان بە دەیان نەخۆشخانەی ئەهلی کراونەتەوە و ژمارەی دانیشتووانیش ڕوو لە زیادبوونە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی درەنگ دادەمەزرێن؟ ئایا نەخۆشخانە ئەهلییەکان بۆچی نەبوونەتە سەرچاوەیەك بۆ پێداویستی و دامەزراندنی پزیشکە گەنجەکان؟**

- کەرتی تەندروستی و نەخۆشخانە حکومییەکان بەردەوام پێویستیان بە سەرچاوەی مرۆیی هەیە، بەتایبەتی پزیشکان و پزیشکانی ددان و دەرمانسازان و کارمەندانی تەندروستی بە ناونیشانی یاریدەدەری پزیشکی و بە هەموو ناونیشانە جیاوازەکان، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشەکان و قەبارەی نەخۆشخانەکان زیاتر گەورەتر دەبن و نەخۆش زیاتر دەبێت، هاوکات ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش کارمەندانی تەندروستی و پزیشکان لە نەخۆشخانەکان کەم دەبنەوە، بەهۆی خانەنشینبوون و دابڕان لە دەوام و کۆتاییهاتن بە ڕاژەکانیان و ژمارەیەکی زۆر مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە، کە هەندێکیان چوونەتە دەرەوەی وڵات و هەندێکیان چوونەتە خوێندنی باڵا، بۆیە ئەو ژمارەی ئێستا لە کارمەند و پزیشکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان هەیە، کەمە، بۆیە داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ڕێنمایی جێگرەوەکردن لەوانەی لە دەوام دادەبڕێن لە وەزیفەی گشتی جێبەجێ بکات و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا سەرقاڵی ئەوەیە دامەزراوەیەك بەناوی ئەنجومەنی ڕاژە بۆ وەزیفەی گشتی دروست بکات، کە یاساکە لە ساڵی (٢٠١١) دەرچووە، ئەم ئەنجومەنە ڕاژەیە ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ دامەزراندن بەپێی پێویست و بە گوێرەی ناونیشان و کۆمەڵێك ڕێکاری پێویست دەگرێتەبەر بۆ دامەزراندن لە وەزیفەی گشتیدا، بۆیە ئێمە ئومێدمان وایە دوای دامەزراندن و دەستبەکاربوونی ئەم ئەنجومەنە بتوانین ئەو پێداویستییە سەرچاوە مرۆییانە بۆمان پڕبکەنەوە.

*** لە دووماهێدا وەك دواپەیام دەتانەوێت بۆ هاووڵاتیان باسی چی بکەن؟**

- دوو بابەتی زۆر گرنگ هەیە لەم دەرفەتەدا دەمەوێت بە هاووڵاتیانی بگەیەنم، یەکەمیان: گەڕانەوەی متمانەی هاووڵاتی بە نەخۆشخانە و دامودەزگا حکوومییەکان و بە پزیشکان و بە کارمەندانی تەندروستی کە ئەمە ئەرك و کار و بەشێکی گەورەیە و دەبێت هاووڵاتی و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن پاڵپشتێکی گەورە بن بۆ گەڕانەوەی متمانە، چونکە بە گەڕانەوەی متمانە لە دەرئەنجامدا هەژار و کەمدەرامەت سوودمەند دەبن، بەڵام ئەمەش بە چی دەگەڕێتەوە، بێگومان پێویست ناکات بەم شێوازە بێ متمانەییە تەعامول بکەین، چونکە پزیشك و دەستی کارکردنی باشمان هەیە و دامودەزگاکانمان تا ڕادەیەکی باش دوورن لە کەمتەرخەمی و ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت خەڵك باوەڕ و متمانەی بە دامودەزگاکان هەبێت و ڕاگەیاندنەکانیش پاڵپشت بن.

دووەم: باری تەندروستی زۆر قورس و گەورەیە و پەیوەستە بە باری ئابووریی وڵات و لە کاتێکدا باری دارایی و ئابووریی وڵات باش بێت، ئەوە بواری تەندروستی ئەو وڵاتە باشتر دەبێت و پرۆژەکان دەکەونەوە کار، بەڵام کاتێك باری ئابووری خراپ بوو، وەك ئەو ساڵانەی ڕابردوو کە دەبینین چ فشارێك و قەیرانێکی دژوار لەسەرمان بوو، کە لەوانە تا ئێستاش نزیکەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار ئاوارە و پەناهەندە لە هەرێمی کوردستانن و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ پشکنین و وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، لەپاشان دەگەڕێنەوە، بۆیە تا ئێستاکەش بەم هۆکارانەوە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر فشاردان، بۆیە بە ئومێدی ئەوەین کە چاکسازییەکی باش لە خزمەتگوزاریی کەرتی تەندروستی بکرێت و باری داراییش باش بێت، بێگومان پرۆژەکانیش دەکەونەوە کارکردن، ئەو کاتیش ئێمە دڵنیایی دەدەینە هاووڵاتی کە هەموو توانامان بەکاردەهێنین و شەونخوونی دەبینین تاوەکو باشترین خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بکەین و نموونەیەکی جوانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

- لەدایکبووی ١٩٧٨ هەولێر
- بڕوانامەی بەکالوریۆس لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتی
- بڕوانامەی ماستەر لە تەندروستی کۆمەڵ
- بڕوانامەی دکتورا لە تەندروستی کۆمەڵ
- بەڕێوەبەری بەش لە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر.
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر.
- وەزیری تەندروستی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.





# ڕواندا

## لە قەبرستانی جینۆسایدەوە بۆ سەنگافورەی ئەفریقیا



ئەزموونی رواندا وەك چیرۆکێکی سەرکەوتن شایستەی ئەوەیە کە هەڵسەنگاندن و هەڵوێستەی هۆشیارانەی لەسەر بکرێت و تیشك بخرێتە سەر رەهەندەکانی، بەتایبەتی مایەی سەرسوڕمان و تێڕامانێکی قووڵە کە چۆن وڵاتێکی تەواو تێکشکاوی دوای کوشتار و جینۆساید دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ میراتی قورسی رابردوودا بکات و، بگرە بتوانێت برینەکان ساڕێژ بکات و دووبارە وڵاتەکە بخاتەوە سەر رێگا و رێچکەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون.

رواندا کە لە ماوەی تەنیا ٩٠ رۆژدا زیاتر لە ٨٠٠-٩٠٠ هەزار کەسیان لە یەکتری کوشتووە و بە دەوڵەتی قەبرستان ناو دەبرێت، بەڵام وەك باس دەکرێت، پاول کاگامی سەرۆکی رواندا، ئیلهامێکی گەورەی لە بۆچوونەکانی لی کوان یو سەرۆکی پێشووی سەنگافورا وەرگرتووە و بە هاوشێوەی سەنگافورا، رواندای دووبارە بوونیاد ناوەتەوە، لەبەر ئەم هۆکارەش زۆر لە چاودێران ناویان لێ ناوە: «سەنگافورای ئەفریقیا»،

لەم رووەوە وتارێکی فیل کلارك بە ناوی
«Rwanda› Recovery‹ When Remembrance is Official Policy»

پوخت دەکەینەوە کە تێیدا رەهەند و رایەڵەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی و بووژانەوەی ئابووری و دەستەبەرکردنی ئاسایش لە وڵاتی رواندا دەخاتەڕوو.

### ● میراتی قورسی جینۆساید و رووبەڕووی دەرئەنجامەکانی

کاتێك بەرەی نیشتمانیی رواندا، وەك بزووتنەوەیەکی یاخیبوو، بە سەرۆکایەتیی پاوڵ کاگامی لە ساڵی ١٩٩٤دا کۆنترۆڵی رواندای کرد و هەڵمەتی جینۆسایدی لەو وڵاتەدا راگرت، لە بری وڵاتێك گۆڕستانێکی بە میرات بۆ مایەوە. چونکە لە ١٠٠ رۆژی پێشووتریدا، ٨٠٠ هەزار کەس لە گەلێکی حەوت ملیۆن کەسی کوژرا بوون. لە سەتا ٧٠ی سەرجەم توتسییەکان، کە گرووپێکی ئیتنی کەمینە بوون، لەسەر دەستی جینۆسایدکارانی هوتو لە ناو بردرابوون، بە هەمان شێوە لە سەتا ٣٠ی تواسەکان، کە بچووکترین گرووپی ئیتنی نێو رواندایە. بە چەشنێك رێگا و رووبارەکانی رواندا پڕ بوون لە لاشەی کوژراوەکان. لە هەمان کاتدا ژێرخانی ئەو وڵاتەش (خانوو، رێگا، نەخۆشخانە، قوتابخانە، وێستگەی کارەبا و کۆگاکان) وێران و کاول کرابوون. نزیکەی تێکڕای کارمەندانی حکومەت، سیاسییەکان، دادوەران، فەرمانبەرانی مەدەنی، پزیشك، و مامۆستایانیان کوژرابوون، یان وڵاتیان جێهێشتبوو. تاڵانکاران بانکەکانیان خاڵی کردبوو، تەنانەت گەنجینەی نیشتمانیی رواندا یەك فرانکیشی تێدا نەمابوو.

ئەم هەڵمەتی جینۆسایدە کاریگەرییەکانی بووە هۆی پەڕینەوەی دوو ملیۆن پەناهەندەی رواندا بۆ ناوەڕاستی ئەفریقیا کە زۆرینەیان هوتو بوون و بەرەو وڵاتانی دراوسێ هەڵاتن، کە ئەمەش گەورەترین شەپۆلی کۆچکردن بوو لە سەدەی بیستدا. کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی مرۆیی لە نێو کامپی پەناهەندەکاندا کە کۆلێرای تێدا بڵاو ببۆوە. کامپەکان لە وڵاتی زائیر- ئێستا بۆتە کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ- هەلومەرجی بۆ میلیشیاکانی هوتو رەخساند، بۆ خۆڕێکخستنەوە و پلانگێڕان بۆ گەڕانەوە بۆ رواندا بۆ تەواوکردنی کاری لە ناوبردنی تێکڕای توتسییەکان.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر ئەم جینۆسایدەدا، لە ئێستادا رواندا رووبەڕوی توندوتیژییەکی بەربڵاو نەبۆتەوە. لەبری ئەوە بەهرەمەند بووە لە دوو دەیە لە ئاشتی و سەقامگیری و گەشەکردنی ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان. پتر لە سێ لەسەر چواری ئەو خەڵکانەی کە پێشتر زیندانی کرابوون بە گومانی بەشداریکردنیان لە جینۆسایدا، هەروەها ٣٠٠ هەزار گومانلێکراوی دیکە، دووبارە ئاوێتەی کۆمەڵگە کرانەوە و ئێستا شان بە شانی یەکتری ژیان بەسەر دەبەن لە وڵاتێکدا کە بە چڕیی دانیشتووانی ناسراوە. بە چەشنێك هیچ وڵاتێکی دیکە نییە کە تێیدا تاوانکارانی کۆمەڵکوژی هێندە نزیك لە خێزانی قوربانییەکانەوە بژین. ئەگەرچی رەنگە ئەمە ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی، بەڵام زۆربەی رواندییەکان بڕیاریان داوە درێژە بە ژیان بدەن لە بری ئەوەی خۆیان سەرقاڵ بکەن بە یەکلاکردنەوەی حیساباتە کۆنەکانەوە. تێگەیشتن لە هۆکاری ئەم بڕیارەش پێویست بە هەڵوەستەکردن و شرۆڤەکردنی ئەو هەنگاوە چڕانە دەکات، کە رواندا گرتنیەبەر، لەسەر ئاستی نیشتمانی، مەحەلی و تاکەکەس، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میراتی جینۆسایدا. یەکێك لە دیارترین و بەرچاوترین خەسڵەتەکانی ئەو رێگاچارەیەی رواندا پیادەی کرد، بریتی بوو لە هەوڵی چڕ و پڕی دەوڵەت بۆ سارێژکردنی برینە کۆنەکان و لە راستیدا، دەستێوەردان و هەوڵەکانی دەوڵەت رۆڵی سەرەکییان لە بووژاندنەوە و سەرپێخستنەوەی وڵاتەکە هەبوو. ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانی دراوسێی وەك بۆرۆندی، کۆنگۆ و ئۆگەندا بە هۆی نەبوونی کاردانەوەیەکی فەرمی سیستماتیکەوە بۆ کۆمەڵکوژییەکانی وڵاتەکانیان بووە هۆی ئەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان و توندوتیژی درێژە بکێشن.

### ● ئاڵوگۆڕە قووڵەکان و ستراتیژیەتی سارێژکردنەوەی برینەکان

بە ماوەیەکی کورت دوای جینۆسایدەکە حکومەتی رواندا ستراتیژیەتێکی چوار رەهەندی گەڵاڵە و پیادە کرد، ئەمەش دوای ئەوەی بەرەی نیشتمانی رواندا لە گرووپێکی یاخیبووەوە گۆڕدرا بۆ پارتێکی سیاسی و دوای ئەوەی کاگامی لە ساڵی ٢٠٠٠ بووە سەرۆکی وڵاتەکە. ئەو چوار رەهەندەش بریتی بوون لە یادکردنەوەی جینۆسایدەکە، پەروەردەی مەدەنی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی- ئابووری و ئاشتەوایی

> **کاتێک بەرەی نیشتمانیی رواندا، وەک بزووتنەوەیەکی یاخیبوو، بە سەرۆکایەتی پاوڵ کاگامی لە ساڵی ١٩٩٤دا کۆنترۆڵی رواندای کرد و هەڵمەتی جینۆسایدی لەو وڵاتەدا راگرت، لە بری وڵاتێک گۆڕستانێکی بە میرات بۆ مابوویەوە**

> **یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین خەسڵەتەکانی ئەو رێگاچارەیەی رواندا پیادەی کرد، بریتی بوو لە هەوڵی چڕ و پڕی دەوڵەت بۆ سارێژکردنی برینە کۆنەکان و لە راستیدا، دەستێوەردان و هەوڵەکانی دەوڵەت رۆڵی سەرەکییان لە بووژاندنەوە و سەرپێخستنەوەی وڵاتەکە هەبوو**

> **زۆربەی خەڵکی پێیان وایە ستراتیژیەتەکەی حکومەت سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ئەمەش بواری رەخساندووە بۆ ئەوەی خەڵکی رواندا بتوانن مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتە و ئاکامەکانی جینۆسایددا بکەن**

> **لە ئێستادا نزیکەی یەک بە یەکی هاووڵاتییە پێگەیشتووەکانی رواندا بەشدارییان لە کەمپەکانی پەروەردەی مەدەنیدا کردووە، کە لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا رێکخرابوون**

لە ڕێی دادپەروەرییەوە. لە ماوەی ١٥ ساڵدا و دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ١٠٠٠ کەسدا، ئەو دەرئەنجامە بە ڕوونی ئاشکرا بوو کە زۆربەی خەڵکی پێیان وایە ستراتیژیەتەکەی حکومەت سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ئەمەش بواری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی خەڵکی ڕواندا بتوانن مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتە و ئاکامەکانی جینۆسایددا بکەن. تەنانەت خەڵکی ڕواندا هەست دەکەن کە پرۆگرامی چڕوپڕی حکومەت بۆ ڕەوشی دوای جینۆساید، بۆتە هۆی شەکەتبوونیان و دەیانەوێت حکومەت لێیان بگەڕێت خۆیان لەسەر ئاستی تاکەکەسی و بە شێوازی مەحەلی مامەڵە لەگەڵ میراتی ڕابردوودا بکەن. دیارترین یادکردنەوەی ساڵانەی جینۆساید بریتییە لە یادەوەرییەکی ١٠٠ ڕۆژە کە لە ٧ی نیساندا دەستپێدەکات، کە ڕۆژی دەستپێکی کوشتارەکەیە. هەروەها وەك بەشێك لە مامەڵەکردن لەگەڵ میراتی جینۆسایددا، حکومەت بە ڕاددەیەکی گەورە پەروەردەی مەدەنی پیادە و پەیڕەو کردووە، بەتایبەتی بۆ دارشتنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی و تێپەڕاندنی ناسنامە ئیتنییەکان. لە ئێستادا نزیکەی یەك بە یەکی هاووڵاتییە پێگەیشتووەکانی ڕواندا بەشدارییان لە کەمپەکانی پەروەردەی مەدەنیدا کردووە، کە لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا ڕێکخرابوون. لەم پرۆگرامەدا هاووڵاتیان هۆشیار دەکرانەوە لە بارەی هۆکارەکانی جینۆساید و دەستەبەرداربوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤ و گرنگیی جەختکردنەوە لەسەر کەسایەتیی ڕواندایی بۆ بەدەستهێنانەوەی هەستی یەکگرتوویی کە لەلایەن کۆڵۆنیاڵییە بەلجیکییەکانەوە تێکشکێندرابوون کە تاوەکو ساڵی ١٩٦٢ حوکمڕانیی وڵاتەکەیان کرد، هەروەها لە بارەی گرنگیی سزادانی ئەنجامدەرانی جینۆساید لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاشتەوایی لە ئایندەدا.

لەلایەکی دیکەوە ئەوە لەبەرچاو گیرا کە نایەکسانی و نادادییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ ڕوودانی جینۆساید، لەم ڕوانگەیەوە حکومەت دەستیدایە پرۆگرامێکی گەورەی گەشەپێدان و تێیدا بایەخ درا بە دەستەبەرکردنی چاودێریی تەندروستی و پەروەردەیی بۆ گوندنشینەکان. ئەوە بوو لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٥ ڕواندا توانیویەتی ڕێژەی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو بۆ نیوە کەم بکاتەوە، کە ئەمەش گەورەترین کەمکردنەوە بوو لەو ڕۆژگارەدا و دەستکەوتێك بوو کە یونیسێف بە یەکێك لە گرنگترین دەستکەوتەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەسفی دەکات. ئەگەرچی زۆربەی گوندنشینانی ڕواندا بە هەژاری ماونەتەوە، بەڵام ئەوان دۆخی خۆیان بە ڕەوشی گوندنشینانی دەوڵەتە دراوسێکانیان بەراورد دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە هوتوەکان پێیان وایە حکومەت هێندەی توتسییەکان هاوکاری ئەوانی کردووە.

ڕەنگە یەکێك لە گەورەترین کاردانەوە و بگرە مشتومڕهەڵگرترین کاردانەوەکانی حکومەت لە بەرامبەر جینۆسایددا بریتی بێت لە دادگاییکردنی ٤٠٠ هەزار گومانلێکراوی جینۆساید لە ١٢ هەزار دادگادا بە نێوی گاچاچا، کە ئەم پرۆسەیەش لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠١٢دا ئەنجام درا. ئەم دادگایانەش کە هەموو هەفتەیەك لەژێر درەختەکانی گوندێکدا بەڕێوەدەچوون، دادگاییکردنی زیاتر لە یەك ملیۆن کەیسیان ئەنجام دا و دادوەرەکانیش دەیانتوانی سزای زیندانی هەمیشەیی بسەپێنن، ئەگەرچی زۆربەی سزاکانی بریتی بوو لە ناچارکردنی حوکمدراو بۆ ئەوەی خزمەتێکی دیاریکراو لە نێو کۆمەڵگەدا بکات.

بناغەی سیستمی گاچاچا بریتی بوو لەو باوەڕەی کە دادپەروەری بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاشتەوایی، واتە بە بێ ددانپێدانانی ئاشکرا بە تاوانەکان و سزادانی سەرجەم تاوانبارەکان، ئەوا ڕق و تووڕەیی تەشەنە دەکەن و بۆی هەیە سەربکێشن بۆ توندوتیژییەکی بەربڵاو. کاتێك سیستمی گاچاچا ڕاگەیەندرا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ پێشبینی ئەوەیان کرد کە دەبێتە هۆی هەڵکشانی گرژییەکان. بەڵام دەرئەنجامە ڕاستەقینەکە بریتی بوو لە دیالۆگی نێوان گرووپە ئیتنییەکان لە بارەی هۆکار و کاریگەرییەکانی جینۆساید و ئاوێتەکردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەو تاوانکارانەی کە سزاکانی خۆیان تەواو کردبوو.

**لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٥ ڕواندا توانیویەتی ڕێژەی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو بۆ نیوە کەم بکاتەوە، کە ئەمەش گەورەترین کەمکردنەوە بوو لەو ڕۆژگارەدا و دەستکەوتێک بوو کە یونیسێف بە یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەسفی دەکات**

**ڕەنگە یەکێک لە گەورەترین کاردانەوە و بگرە مشتومڕهەڵگرترین کاردانەوەکانی حکومەت لە بەرامبەر جینۆسایددا بریتی بێت لە دادگاییکردنی ٤٠٠ هەزار گومانلێکراوی جینۆساید لە ١٢ هەزار دادگادا بە نێوی گاچاچا، کە ئەم پرۆسەیەش لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠١٢دا ئەنجام درا**

**بناغەی سیستمی گاچاچا بریتی بوو لەو باوەڕەی کە دادپەروەری بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاشتەوایی، واتە بە بێ ددانپێدانانی ئاشکرا بە تاوانەکان و سزادانی سەرجەم تاوانبارەکان، ئەوا ڕق و تووڕەیی تەشەنە دەکەن و بۆی هەیە سەربکێشن بۆ توندوتیژییەکی بەربڵاو**

**دەوڵەتمەداران لە بری ئەوەی بە ڕوونی جەخت لەسەر چارەسەرکردنی میراتی جینۆساید بکەنەوە، تەرکیزیان لەسەر نوێکردنەوەی ئابووریی وڵاتەکە و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کۆمەکی دەرەکی کردووە**

**● هەنگاوهەڵگرتن بەرەو پێشەوە**

نزیکەی هەموو تاکێکی پێگەیشتووی رواندا بەشدارییان کرد لە زۆربەی لایەنەکانی ئەو پرۆسەی بووژاندنەوەیە کە حکومەت سەرپەرشتی کرد. کە پەیامە بنەڕەتییەکەی (بە تایبەتی ئەوەی کە دەبێت هۆشیارییان هەبێت لە بارەی پڕۆپاگەندەکانی پەیوەست بە دابەشبوونی ئیتنی و گرنگیی جێبەجێکردنی دادپەروەری بەسەر تاوانەکانی رابردوودا) رۆچوونە قووڵایی هۆشیاریی خەڵکەوە و بوونە بناغەی کۆمەڵگەیەکی پتر ئاشتیخواز. بەڵام رواندایی‌یەکان شەکەت و ماندوو بوون بە دەستی بەردەوام بەیادهێنانەوەی کارەساتەکانی رابردوو، کاتێك لە ساڵی ٢٠١٢دا دادگاکانی گاچاچا کۆتاییان بە کارەکانیان هێنا، کاردانەوەی خەڵکەکە بریتی بوو لەوەی خۆشحاڵییان دەردەبڕی بەوەی دواجار دادگاییکردنەکان کۆتاییان هات. چونکە زۆربەیان سکاڵایان لەوە دەکرد کە پرۆگرامی چڕی حکومەت، لە نێویاندا رۆژێك لە هەفتەدا لە ماوەی دادگاییەکردنەکانی گاچاچا، بووە هۆی ئەوەی لە کار و کەسابەت دوور بکەونەوە، کە گرنگ بوو بۆ دووبارە بنیادنانەوەی ژیانیان. لە ئەنجامدا حکومەتیش هەندێ لە ریۆڕەسمەکانی زیندووڕاگرتنی جینۆسایدی کەم کردەوە و لە بری ئەنجامدانی گردبوونەوە گەورەکان لە نێو یاریگاکانی وڵاتەکەدا، چەند بۆنەیەکی دیکەی بچووکتر و بێدەنگتری رێکخست لەسەر ئاستی مەحەلی. هەروەها ئاڵوگۆڕی بەسەر پرۆگرامەکانیشدا هێنا و دەوڵەتمەداران لە بری ئەوەی بە روونی جەخت لەسەر چارەسەرکردنی میراتی جینۆساید بکەنەوە، تەرکیزیان لەسەر نوێکردنەوەی ئابووریی وڵاتەکە و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کۆمەکی دەرەکی کردەوە.

کاتێك حکومەتیش پاشەکشەی کرد، خەڵکەکە دەستیان واڵا بوو بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی جینۆساید بە شێوەیەکی نافەرمی. لە ساڵی ٢٠٠٢ بە دواوەوە خەڵکەکە لەسەر ئاستی وڵاتەکە گرووپی دیالۆگیان دامەزراند و گفتوگۆیان لەبارەی ئەو پرسانەوە دەکرد کە لە میانەی دادگاییکردنەکانی گاچاچا هاتنەئاراوە. لە ئێستاشدا گفتوگۆکان پتر پەیوەستن بە پرسە بەپەلەکانی وەك دابەشکردنی خۆراك، پاراستنی ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگەکە و رێگرتن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە خێزانییەکان. ئەم ئاڵوگۆڕەش دەیسەلمێنێت کە خەڵکی رابردوویان تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا هۆشیارن لەبارەی ئەو نایەکسانی و ناکۆکییانەی کە لە رووی مێژووییەوە بوونە هۆکاری خۆشکردنی ئاگری توندوتیژییەکی بەربڵاو. هەروەها خەڵکەکە لە رووی ئابوورییەوە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوێتەکردنی هوتو و توتسییەکان، ئەم کارەشیان نەك هەر تەنیا لە پێناوی دەستکەوتی ئابووریدا کردووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بە ئومێدی ئەوە کردوویانە کە بتوانن پێکەوە کاربکەن و ئەمەش ببێتە سەرەتایەك بۆ چارەسەرکردنی کەلێنە مێژووییەکان. ئەمە پەرەسەندنێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی لە رابردوودا زۆرێك لە هوتوەکان پێیان وابوو توتسییەکان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دەوڵەمەند بوون و زۆرێك لەوانەی بەشدار بوون لە جینۆسایددا، ئەم کارەیان کرد بۆ ئەوەی دەست بەسەر موڵك و ماڵی توتسییەکاندا بگرن. یەکێك لە ئافرەتە سەرکردەکانی ئەم گرووپانە دەڵێت: «لە نێو ئەندامانی ئێمەدا خەڵکانێك هەن کە خزمەکانیان تێوەگلاون لە ئەنجامدانی جینۆسایدەوە و کەسانێکی دیکەش قوربانیی رزگاربووەکانن. خاڵی هاوبەشی نێوانمان ئەوەیە کە لە میانەی جینۆسایددا، هەموومان هاوسەرەکانمان و ئەوەی هەمانبوو لە دەستمان دا. ئەمەش یەکمان دەخات و پاڵنەرمان بۆ دروست دەکات بۆ هاوبەشیپێکردنی ئەوەی هەمانە.»

واتە لە ئێستادا رواندا کە دانیشتووانێکی چڕی هەیە، رۆژانە تاوانکاران، رزگاربووان و شایەتحاڵەکان رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. لە هەمان کاتدا منداڵەکانیان بۆ هەمان قوتابخانە دەنێرن و هەمان کێڵگە دەکێڵن و پەیوەندیی نێوان ئەم خەڵکانەش دوا پێوەرە بۆ ئاستی ئەو ئاشتەوایییەی بەدی هاتووە. تەنانەت لە ئێستادا لە سەتا ٩٠ی خەڵکەکە پێیان وایە کۆمەڵگەکەیان بە تەواوەتی ئاشتەوایی تێدا بەدیهاتووە. تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە لە ئێستادا و بە چەشنی رۆژگاری پێش جینۆساید هاوسەرگیری لەنێوان

**رواندایی‌یەکان شەکەت و ماندوو بوون بە دەستی بەردەوام بەیادهێنانەوەی کارەساتەکانی رابردوو، کاتێک لە ساڵی ٢٠١٢دا دادگاکانی گاچاچا کۆتاییان بە کارەکانیان هێنا، کاردانەوەی خەڵکەکە بریتی بوو لەوەی خۆشحاڵییان دەردەبڕی بەوەی دواجار دادگاییکردنەکان کۆتاییان هات**

**خەڵکەکە لە رووی ئابوورییەوە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوێتەکردنی هوتو و توتسییەکان، ئەم کارەشیان نەک هەر تەنیا لە پێناوی دەستکەوتی ئابووریدا کردووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بە ئومێدی ئەوە کردوویانە کە بتوانن پێکەوە کاربکەن و ئەمەش ببێتە سەرەتایەک بۆ چارەسەرکردنی کەلێنە مێژووییەکان**

**لە ئێستادا رواندا کە دانیشتووانێکی چڕی هەیە، رۆژانە تاوانکاران، رزگاربووان و شایەتحاڵەکان رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. لە هەمان کاتدا منداڵەکانیان بۆ هەمان قوتابخانە دەنێرن و هەمان کێڵگە دەکێڵن و پەیوەندیی نێوان ئەم خەڵکانەش دوا پێوەرە بۆ ئاستی ئەو ئاشتەوایییەی بەدی هاتووە**

هوتو و توتسییەکاندا دەکرێت و تەنانەت بەشداری لە ئاهەنگ و پرسەکانی یەکتریشدا دەکەن.

هەروەها پەیامێکی دیکە لە نێو کۆمەڵگەدا دەنگدانەوەی هەبووە، ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای تراژیدیا و پەیوەندییە ئاڵۆزەکان لەسەر ئاستی مەحەلی، هیچ کەسێك پێشبینی ئەوە ناکات توندوتیژییەکی بەربڵاو سەرهەڵبداتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چۆن جینۆساید رووی دا، ئەوا ئەمە پەرەسەندنێکی بەرچاوە. کاتێك رواندایییەکان ناچار دەکرێن شیکردنەوە بۆ هۆکاری ئەم تێڕوانینەیان بکەن، ئەوا ئاماژە بە دوو هۆکار دەکەن، یەکەم دادگاکانی گاچاچا بوونە هۆی بەتاڵکردنەوەی رق و تووڕەیی خەڵکەکە و دووەم کەمکردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە نێوان گرووپە ئێتنییەکان بووە هۆی نەهێشتنی دوژمنکارییە مێژووییەکان.

**● دەستێوەردانی قورسی دەوڵەت**

ئەگەرچی کۆمەڵگەیەك توانیبێتی لەم توندوتیژییە بەربڵاوە رزگاری بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووبەڕووی تەحەددی گەورە دەبێتەوە. لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە کێشە و ناکۆکیی دیکە لە کۆمەڵگەی رواندا سەریانهەڵداوە و بەربڵاون. لە نێویاندا توندوتیژیی خێزان و کێشە و ناکۆکیی نێوان خێزانەکان، زۆرێك لەم کێشانەش دەرهاویشتەی جینۆسایدن، بۆ نموونە: (بەهۆی دووبارە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی هاوسەرەکانیان زیندانیکرابوون، بەهۆی ئەوەی گومانلێکراوبوون بە ئەنجامدانی جینۆساید)، هەروەها بە هۆی تاسانی دەروونییەوە کە لە نێو کۆمەڵگەکەدا بەربڵاوە. لەوەش زیاتر، زۆرێك لە خەڵکی رواندا زیاتر و زیاتر نیگەرانن لەبارەی رەوتی خاو و لەسەرخۆی گەشەکردنی دیموکراسی لەسەر ئاستی نیشتمانی لە وڵاتەکەیاندا. لە ماوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتداری بەرەی نیشتمانیی رواندا، ئەم پارتە لێبوردەییەکی کەمی پیشان داوە لە ئاست ئەو خەڵکانەی بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە لە بۆچوونی دەسەڵات. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بەرهەڵستکار تووشی تەنگپێهەڵچنین و دوورخستنەوە و کوشتن بوونەتەوە.

لە کاتێکدا خولی دووەم- بە پێی دەستوور- و دوایین خولی سەرۆکایەتی کاگامی بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەوا حکومەت لە ساڵی ٢٠١٥دا راپرسییەکی رێکخست بۆ ئەوەی بتوانێت خولێکی دیکەش سەرۆکایەتی بکات. ئەوە بوو لە سەتا ٩٨ی دەنگدەران بۆ بەرژەوەندیی ئەم پێشنیارە دەنگیان دا و لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠١٧شدا کاگامی لە سەتا ٩٩ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. هەروەها لەبەر ئەوەی کە راپرسییەکە بووە هۆی هەمووارکردنەوەی دەستوور و ئەو هەموارکردنانەش تاوەکو ساڵی ٢٠٢٤ ناکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا کاگامی دەتوانێت دوو خولی دیکەیش هەوڵی بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی بدات، واتە بواری ئەوە هەیە تاوەکو ساڵی **٢٠٣٤** سەرۆك بێت.

لە ماوەی راپرسی و هەڵبژاردنەکەدا حکومەت بە بەردەوامی دەنگدەرانی دەترسان و پارتە موعارەزەکانی لاواز دەکرد و سەرکردەکانی هەراسان دەکرد و هەندێ جار رێگری لە تۆمارکردنیان دەکرد. لە ململانێیەکی دادپەروەرانەدا پارتی نیشتمانیی رواندا بە رێژەیەکی گەورە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیشی دەبردەوە، ئەویش بەهۆی تۆماری سەرکەوتووی لە بواری گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی ئاسایشدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پارتە کۆمەڵێك رێکاری قورسی گرتەبەر بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا.

لە ساڵانی داهاتوودا تەحەددای سەرەکی لە بەردەم ئەم پارتەدا بریتییە لە راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پێویستیی بوونی دەوڵەتێکی بەهێز بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و گەشەکردن، لەگەڵ پێویستیی پێدانی ئازادییەکی زیاتری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە هاووڵاتییان. پێدانی سەربەخۆییەکی زیاتر بە هاووڵاتییان دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی پتر بەهرەمەند بن بە رۆژگاری بووژانەوەی دوای جینۆساید و سارێژکردنەوەی زیاتری برینەکانیان. کەواتە لەسەرپێوەستانەوەی رواندا لە دوای جینۆساید هەر تەنیا بەهۆی کاردانەوەی حکومەتەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆی خۆڕاگری خەڵکەکەشەوە بووە، بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەم توانایەی خەڵك پێویستە حکومەت ئازادییەکی زیاتریان پێ بدات بۆ دارشتنی پاشەڕۆژی خۆیان.

**دادگاکانی گاچاچا بوونە هۆی بەتاڵکردنەوەی رق و تووڕەیی خەڵکەکە و دووەم کەمکردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە نێوان گرووپە ئێتنییەکان بووە هۆی نەهێشتنی دوژمنکارییە مێژووییەکان**

**لە ماوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتداری بەرەی نیشتمانیی رواندا، ئەم پارتە لێبوردەییەکی کەمی پیشان داوە لە ئاست ئەو خەڵکانەی بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە لە بۆچوونی دەسەڵات. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بەرهەڵستکار تووشی تەنگپێهەڵچنین و دوورخستنەوە و کوشتن بوونەتەوە**

**لەسەرپێوەستانەوەی رواندا لە دوای جینۆساید هەر تەنیا بەهۆی کاردانەوەی حکومەتەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆی خۆڕاگری خەڵکەکەشەوە بووە، بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەم توانایەی خەڵک پێویستە حکومەت ئازادییەکی زیاتریان پێ بدات بۆ دارشتنی پاشەڕۆژی خۆیان**




دیمانەی تایبەت

**مێلڤین نێسلی مباو**

پرۆفیسۆری یاسای کارگێڕی لە زانکۆی نۆرس وێست لە کۆماری ئەفریقیای باشوور بۆ گوڵان:

# بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتی بۆتسوانا وەربگیرێت





مێلڤین نێسلی مباو پرۆفیسۆره له‌ به‌شی یاسای زانكۆی نۆرس وێست له‌ كۆماری ئه‌فریقیای باشوور، وانه‌بێژی چه‌ند یاسایه‌كی گرنگه‌ وه‌ك یاسای ده‌ستووری و یاسای كارگێڕی و یاسای نێوده‌وڵه‌تی، پێشتریش له‌ زانكۆی بۆتسوانا و زانكۆی زامبیا وانه‌بێژ بووه‌. به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی له‌ توێژینه‌وه‌كانیدا گرنگی و بایه‌خ ده‌دات به‌ پرسه‌كانی په‌یوه‌ست به‌ ده‌ستوور و حوكمڕانیی باشه‌وه‌، هه‌روه‌ها چه‌ندین توێژینه‌وه‌ی هه‌یه‌ له‌ بواری ئه‌وه‌ی پێی ده‌وترێت «حوكمڕانیی كۆمپانیاكان»، كه‌ ئه‌م پرسه‌ی دواییان بووه‌ ته‌وه‌ری گفتوگۆیه‌كی گوڵان له‌گه‌ڵ پرۆفیسۆر مێلڤین نێسلی مباو.

*** زۆرجار باس لە چەمکی حوکمڕانیی کۆمپانیاکان دەکرێت کە مەبەست لێی ئەو سیستمەیە کە تێیدا کۆمپانیاکان ئاراستە و کۆنترۆڵ دەکرێن و دەستەی بەڕێوەبەرانیش بەرپرس دەبن لە حوکمڕانیکردنی کۆمپانیاکانیان، کە ئەگەر ئەمەش بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، ئەوا ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامی درێژخایەنی باشی دەبێت لەسەر کاری کۆمپانیاکان و لە کۆتاییدا بە قازانجی گەشەکردنی ئابووریش دەشکێتەوە، ئێوە لەم بارەیەوە توێژینەوەتان کردووە، ئایا چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا من توێژینەوەم کردووە لە بارەی ئەوەی پێی دەوترێت «حوکمڕانیی کۆمپانیاکان» لە وڵاتانی ئەفریقیای باشوور و نامیبیا و دەتوانم بڵێم هەڵسەنگاندنی من بۆ ئەم جۆرە حوکمڕانییە لەو دوو وڵاتەدا ئەوەیە کە خاڵی هاوبەش و لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە و دەتوانم بڵێم ڕێساکان داڕێژدراون بۆ ئیدارەدان و چاودێریکردنی کاری کۆمپانیاکان و لەم ڕووەوە ئاستێکی باشی بەرەوپێشچوون هەیە.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە چوارچێوەیەکی یاسای باش و پێشکەوتوو هەیە بۆ ئیدارەدانی کاری کۆمپانیاکان لە وڵاتانی ئەفریقیای باشوور و نامیبیا، ئایا ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی دەرئەنجامی باش و خوازراویان لێ بکەوێتەوە؟ ئایا لەسەر ئەرزی واقیع ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی ئەم بەرەوپێشچوونە دەبینین؟**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا پرەنسیپەکانی حوکمڕانیی کۆمپانیاکان بە باشی گەڵاڵەکراون و تەنانەت ئەم ڕێسا و پرەنسیپانەش بوونەتە سەرمەشقی دادگاکان و لە نێو بڕیارەکانیاندا کە پەیوەستە بە کەیسی کۆمپانیاکانەوە ڕەنگدانەوەیان هەبووە و لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە بڕیارەکان دەرکراون.

**لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا پرەنسیپەکانی حوکمڕانیی کۆمپانیاکان بە باشی گەڵاڵەکراون و تەنانەت ئەم ڕێسا و پرەنسیپانەش بوونەتە سەرمەشقی دادگاکان و لە نێو بڕیارەکانیاندا کە پەیوەستە بە کەیسی کۆمپانیاکانەوە ڕەنگدانەوەیان هەبووە**

*** باشە ئەگەر لە ڕووی تیۆر و پراکتیکییەوە دۆخەکە بە ئاراستە و ئاقارێکی باشدا بڕوات، ئایا پێت وایە تا چ ڕاددەیەك ئەم ڕێکخستنەوە و چاودێریکردنەی کاروباری کۆمپانیاکان کاریگەریی ئەرێنی و باشی لەسەر گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابووریی ئەم وڵاتانە هەبووە؟**

- من دووبارە ئاماژە بە کەیس و بە ڕەوشی وڵاتی باشووری ئەفریقیا دەکەم و پێم وایە لە ڕووی ئابوورییەوە هەنگاوی باشی هەڵگرتووە و قۆناغی باشی بڕیوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی وەك وڵاتێکی تازەگەشەکردوو ئاماژەی پێ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئابوورییەکی گەشەکردووی پێشکەوتووی هەیە و یەکێکە لە وڵاتانی گرووپی ٢٠. بەڵام ئەگەر ئێمە لە ڕەوشی وڵاتی نامیبیاش بڕوانین، ئەوا بە هەمان شێوە دەکرێت بوترێت ئابوورییەکی گەشەکردوو لەو وڵاتەدا بەدی دەکرێت.

*** بە تێڕوانینی ئێوە پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیی کۆمپانیاکان و چەمکی حوکمڕانیی باش چییە و ئایا لەو باوەڕەدان کە ڕێکخستنەوە و چاودێریی کاری کۆمپانیاکان- ئەوەی پێی دەوترێت حوکمڕانی کۆمپانیاکان- بەشێکی دانەبڕاو و پێکهێنەرێکی سەرەکیی پرسی حوکمڕانیی باشە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کێشەکەیە، چونکە ڕاستە گرنگە یاسا و ڕێسای باشت هەبێت، بەڵام دواتر سەنگی مەحەك و دەرئەنجامی کۆتایی گرێ دراوە بەوەی تا چ ڕاددەیەك ئەو یاسا و ڕێسایانە لە واقیعدا پیادە دەکرێن و جێبەجێ دەکرێن. کەواتە بەس نییە بوترێت کە یاساکان داڕێژراون و تەواو، چونکە دەکرێت یاسای زۆر باش و پێشکەوتووت هەبێت، بەڵام گرنگییان چی دەبێت ئەگەر نەتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

*** کەواتە لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە هێنانەئارای سەروەریی یاساوە- هەبوونی یاساکان و توانای جێبەجێکردنیان- لەگەڵ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بێلایەنانە ئەو یاسایانە بەسەر کەیسەکاندا جێبەجێ بکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە وڵاتی ئەفریقیای باشوور، ئەوا سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتە بەدیهێنراوە و دەستەبەر کراوە، بەڵام ئەو کێشەی کە لە ئارادایە و سەرنجی دەدرێت، ئەوەیە کە هەندێ لە کۆمپانیاکان پابەندی ئەو یاسا و ڕێسایانە نابن کە داڕێژدراون بۆ ڕێکخستنەوە و چاودێریکردنی کاروباری کۆمپانیاکان. کەواتە چەند کۆمپانیایەك هەن کە پرەنسیپ و ڕێسا پەیوەندیدارەکان پیادە ناکەن. بەڵام کاتێك کەیسەکان دەچنە بەردەم دادگاکان، ئەوا دادوەرەکان لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپ و ڕێسایانە ئاماژە بە پێشێلکاری و سەرپێچییەکانی کۆمپانیاکان دەدەن.

*** پرسیارێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ڕێکخستنەوەی کاروباری کۆمپانیاکانەوە بریتییە**

**لە پرسی پەیوەست بە ڕێکارەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانەوە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ڕواندا کۆمپانیایەك بە ماوەی تەنها پێنج کاتژمێر دەتوانێت ڕێکارەکانی تۆمارکردن تەواو بکات، ئایا هەمان حاڵەتیش لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا بەدی دەکرێت؟**

- لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا و لە کاتێکدا کەسێك کە داواکاری پێشکەش دەکات بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیایەك ئەوا لە پاشخانی کەسەکە دەکۆڵدرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشە و ئاستەنگی نییە کە ڕێگری لە تۆمارکردنی کۆمپانیایەك بکات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕێکارەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە ئەفریقیای باشوور ئاسانن.

*** ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بکەیت بۆ ڕەوشی وڵاتی ئەفریقیای باشوور لە ڕووی حوکمڕانیی باش و لە ڕووی ڕێکار و ڕێساکانی پەیوەندیدار بە کۆمپانیاکانەوە، ئایا پێت وایە هەوڵەکان بە ئاراستەی ڕاست و دروست سەرکەوتوو دەبن و درێژە دەکێشن و لە مەودای دووردا دەرئەنجامی باشیان لێ دەکەوێتەوە؟**

- من لەم ڕووەوە گەشبینم، چونکە دەبینم کە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەیەکی بەردەوام دەکرێت بۆ ئەم پرەنسیپ و ڕێسایانە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بەردەوام کار دەکرێت لەسەر باشترکردن و بەرەوپێشبردنی ئەو پرەنسیپانە. بەڵام پرسی ئەوەی ئایا کۆمپانیاکان پیادەی دەکەن و جێبەجێیان دەکەن، پرسێکی تەواو جیاوازە.

*** ئایا پێتان وایە گەورەترین دژواری و تەحەددی لەم ڕووەوە چی بووە، بەتایبەتی کە ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەردەوام ئەو ڕێسا و پرەسنیپانە بەرەوپێش دەبردرێن؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، مەسەلەکە ئەوەیە تا چەند ئەم پرەنسیپانە جێبەجێ دەکرێت و کۆمپانیایان پێیانەوە پابەند دەبن، کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا دەڵێم دەبێت هاوسەنگییەك ڕابگیرێت لەم ڕووەوە، بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت کار بکرێت لەسەر ئەوەی ئەو ڕێسا و پرەنسیپە باشانە ڕەنگدانەوەیان هەبێت لە بڕیارەکانی پەیوەست بە بزنێسەوە، ئەمەش کار و ئەرکێکی ئاسان نییە، کە تۆ بتوانی هاوسەنگی ڕابگریت لە نێوان داڕشتنی باشترین ڕێسا و دەستەبەرکردنی ئەوەی ئەو ڕێسایانە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە بڕیاری کۆمپانیاکاندا. مەسەلەیەکی دیکەی ئەوەیە کە دەبێت بڕیارەکانی پەیوەست بە بزنێسەوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەردەچن، ڕەچاوی کۆدی کارکردن بکەن، واتە ڕەنگە هەندێ جار کۆمپانیاکان بڕیارێك دەربکەن کە بە تێڕوانینی خۆیان لە بەرژەوەندیی بزنێسەکەیان بێت، بەڵام بۆی هەیە کۆدی کارکردنیان لەبەرچاو نەگرتبێت.

*** لە نێو هەموو ئەم پرسانەدا ناکرێت پرسی گەندەڵی نادیدە بگرین و باسی نەکەین، پرسیاری ئێمەش لەم بارەیەوە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا توانیویەتی ئەم کێشەیە بە ڕادەیەکی بەرچاو سنووردار بکات؟**

- بە داخەوە هێشتا هەوڵەکان ئەو ئاکام و دەرئەنجامەیان لێ نەکەوتۆتەوە، چونکە ڕاستە ئێمە دەزگایەکی تایبەت و تایبەتمەندمان هەیە کە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکەی بریتییە لە هەوڵدان بۆ سنووردارکردن و نەهێشتنی گەندەڵی و تەنانەت لەم ڕووەوە دەستی داوەتە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێك لەم هەوڵانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە کەسایەتییەکی سیاسی لەم وڵاتەدا بهێنێتە بەردەم دادگا و دادگایی بکرێت، کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلابێت.

*** کەواتە ئێوە لەم ڕووەوە ئومێدێکی زۆرتان بە کارەکانی ئەم دەزگایە نییە بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی گەندەڵی؟**

- من پێم وایە ئەگەر بێت و دادگاییکردن و لێپرسینەوەی هەندێ کەسایەتیی بزنێسکار و هەندێ کەسایەتیی سیاسی ببینین، ئەوا ئەمە دەبێتە ئاماژەیەکی ئەرێنی و دەبێتە سەلمێنەری ئەوەی کە حکومەت ئامادەیە بۆ شەڕکردن لە دژی گەندەڵی.

*** ئەی پێت وانییە وڵاتی ئەفریقیای باشوور بتوانێت سوود لە ئەزموونی هەندێ وڵاتی دیکەی ئەفریقا، وەك - ڕواندا و بۆتسوانا- وەربگرێت لە بواری بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵیدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە هەمیشە ئەگەرێکە لە ئارادایە، بەڵام پێم وا نییە لە ئێستادا توێژینەوەیەکی زۆر کرابێت بۆ بەراوردکردنی ڕەوشی ئەفریقیای باشوور بە وڵاتانی وەك ڕواندا و بۆتسوانا، لەبەر ئەوە منیش پێم وایە دەبێت لەم ڕووەوە بەراوردکاری و شیکاری بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت پەند و وانە لەم ئەزموونە سەرکەوتووانە وەربگیرێت.

**دەبێت بڕیارەکانی پەیوەست بە بزنێسەوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەردەچن، ڕەچاوی کۆدی کارکردن بکەن، واتە ڕەنگە هەندێ جار کۆمپانیاکان بڕیارێک دەربکەن کە بە تێڕوانینی خۆیان لە بەرژەوەندیی بزنێسەکەیان بێت، بەڵام بۆی هەیە کۆدی کارکردنیان لەبەرچاو نەگرتبێت**

دیمانەی تایبەت



**چارلس نیوکیاکو**
پڕۆفیسۆری کارگێڕیی گشتی بۆ گوڵان:

# حوکمڕانیی باش لە بەرجەستەبوونی بەرپرسیارێتیدا بەدی دێت و لە دەستەبەرکردنی شەفافییەتدا ڕەنگ دەداتەوە





چارلس نیوکیاکو پرۆفیسۆرە لە بەشی کارگێڕیی گشتی لە زانکۆی ڤێریتاس لە ئەبوجا لە وڵاتی نەیجیریا، تایبەتمەندە لە بواری پەرەپێدانی کارگێڕیی گشتی و سیاسەتی گشتی. لەبارەی وڵاتی نەیجیریاوە خاوەنی چەندین توێژینەوەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە چۆنێتی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش و دەستەبەرکردنی سەروەری و چەسپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا، کە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی «سەروەریی یاسا و دیموکراسی و حوکمڕانیی باش لە نەیجیریا»، مشتومڕی ئەوە دەکات کە پەیوەندیی نێوان سەروەریی یاسا و دیموکراسی و حوکمڕانیی باش لە نێو کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەکی توند و ئۆرگانی پێکەوە گرێ دراون و لێکدابڕین و لێکجاکردنەوە هەڵناگرن و بە چەشنێك رایەڵەکانیان پێکەوە پەیوەستن، کە هیچیان ناتوانن بە بێ رەهەندەکانی ئەوی دیکە بەردەوام بن و درێژە بکێشن و تەنانەت ئەم سێ رەهەندە بەو شێوەیە وەسف دەکات و دەخاتەڕوو، کە لێکچوواندنیان بۆ دەکات لەگەڵ رێگا و ئۆتۆمۆبێل و سووتەمەنیدا، کە سەروەریی یاسا بریتییە لە رێگاکە و دیموکراسی ئۆتۆمبێلەکەیە و حوکمڕانیی باش رۆڵی سووتەمەنییەکە دەبینێت. شرۆڤەکردنی زیاتری ئەم پرسانە و تیشك خستنە سەر دۆخ و رەوشی وڵاتی نەیجیریا لە رووی هەوڵەکانی هێنانەدی حوکمڕانیی باش و هەنگاو و رێکارەکانی دەستەبەرکردنی ئەم چەشنە حوکمڕانییە و پرسی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و رێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەو وڵاتەدا، بوونە چەند تەوەرێکی گفتوگۆی گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر چارلس نیوکیاکودا، بەتایبەتی کە ئاشکرایە وڵاتی نەیجیریا لە رووی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام لە هەمان کاتدا وڵاتێکە گرفتارە بە دەست کێشەکانی پەیوەست بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و کێشەی ئەمنی و لە سەرووی هەمووشیانەوە گەندەڵی، لەم گفتوگۆیەدا ئەو پرسانە تاوتوێ کراون.

*** تێگەیشتن و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ چۆنێتی هێنانەدی حوکمڕانیی باش لە هەر وڵاتێکدا، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و ڕەوشی جیاوازی هەر کۆمەڵگەیەك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێت کە خودی حوکمڕانی بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی تیۆری چەند خەسڵەت و ڕواڵەتێکی هاوبەش لەخۆدەگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا توخمە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانیی باش چییە؟**

- بە تێڕوانینی من حوکمڕانیی باش چەند توخم و لایەنێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ بکەین: حوکمڕانیی باش لە بەرجەستەبوونی بەرپرسیارێتیدا بەدی دێت و لە دەستەبەرکردنی شەفافییەتدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە بەرپرسیارێتییەوە هەبێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە پێویستە سەرجەم بەرپرس و کاربەدەستان بەرپرسیارێتی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن و ئەو بڕیارانەی دەریان دەکەن، لە ئەستۆ بگرن، هەروەها دەبێت پاساوێکی یاسایی بۆ هەر کارێك هەبێت، کە ئەنجامی دەدەن. هەروەها دەبێت بە ڕوونی ئەوە بخەنەڕوو کە چۆن داهاتی دەوڵەتیان خەرج کردووە، واتە لەم ڕووەوە دەبێت ڕێکاری ڕاست و دروست پیادە و پەیڕەو بکرێن. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە شەرعییەت و چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە، واتە ئەگەر بەرپرسەکان لە ڕێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵات بگرنەدەست، ئەوا دەبێت وردەکاریی کارەکانیان لە حکومەتدا بە شەفافی بخەنەڕوو، واتە ئەوە بخەنەڕوو کە چۆن کاروبارەکانیان ڕاییی کردووە و چۆن سەرچاوە و داهاتەکانی حکومەتیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان خەرج کردووە و بەکاریان هێناوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی شەفافییەتەوە، ئەوا دەبێت لە میانەی جێبەجێکردنی کارەکاندا ڕوونی و بابەتیبوون هەبێت، مەبەستەکە ئەوەیە ڕێوشوێنی یاسایی و دروست بگیرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان، لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە خەڵك ئاگادار بێت کە بەرپرسەکە چی دەکات و چۆن کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات، کەواتە وەك بەرپرس و کاربەدەست دەبێت تەواوی کاروبارەکانت بە ڕوونی و بە ئاشکرایی ئەنجام بدەیت و نابێت ئەجێندای شاردراوە و نهێنیت هەبێت. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین ئەمانە خەسڵەت و ڕواڵەتی سەرەکیی حوکمڕانیی باشن.

*** زۆرجار مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە ئایا تەنیا لە سایەی دیموکراتیدا دەکرێت هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ هێنانەدی حوکمڕانیی باش، یان ڕێکارەکانی پەرەپێدان و چەسپاندنی حوکمڕانیی باش بە سرووشتی سیستمە سیاسییەکەوە پەیوەست نییە و دەکرێت لە سایەی دەسەڵاتێکی تاکڕەویشدا خەسڵەتەکانی ئەم چەشنە حوکمڕانییەتە بەدی بهێندرێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئێمە دەتوانین حوکمڕانیی باش بە نیشانە و خەسڵەتی دیموکراسی لێك بدەینەوە، کە لە دیموکراسیدا حکومەت لە ڕێی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئەمەش بەرپرسیارێتیی کاربەدەستەکان دەستەبەر دەکات، بۆ ئەوەی هۆکار و پاساوی کار و کردەوە و سیاسەت و بەرنامەکانیان بخەنەڕوو و بەرپرسیارێتییەکانی هەڵبگرن. کە لێرەدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو بەرپرسانە داهات و سەرچاوەی گشتی و کۆمەکی دەرەکی بۆ بەکارهێنانی تایبەتی و شەخسی خۆیان بەکار بهێنن و دەبێت چۆنیەتی خەرجکردنی هەر پارە و داهاتێکی حکومەت ڕوون بکەنەوەو بیخەنەڕوو، کەواتە نابێت بەرپرسان کاروبارەکان بە شێوەیەك ڕاییی بکەن کە گومانیان لەبارەوە دروست بێت، دەبێت ئەوەندەی دەکرێت بابەتییانە و ڕاستگۆیانە و بە دڵسۆزی بەرپرسیارێتییەکانی سەر شانیان ئەدا بکەن.

*** ئێوە باسی دەستەبەرکردنی شەفافییەت و بەرپرسیارێتیتان کرد، وەك پێکهاتەیەکی بنەڕەتی لە پرۆسەی هێنانەئارا و پەرەپێدان و درێژەپێدانی حوکمڕانیی باش، ئایا پێت وانییە ئەم مەسەلەیە بە تەواوی گرێ دراوە بە دەستەبەرکردنی سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییەوە؟ واتە ئەگەر نەتوانرێت گەرەنتی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بکرێت، ئایا چۆن دەتواندرێت ئەم بەرپرسیارێتییە دەستەبەر بکرێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی سەروەریی یاساوە، ئەوا سەروەریی یاسا گریمانەی ئەوە لەخۆ دەگرێت، کە یاساکان ڕوون و پێشبینیکراون، دواتر ئەگەر باسی سەربەخۆیی دەسەڵاتی

**نابێت بەرپرسان کاروبارەکان بە شێوەیەک ڕایی بکەن کە گومانیان لەبارەوە دروست بێت، دەبێت ئەوەندەی دەکرێت بابەتییانە و ڕاستگۆیانە و بە دڵسۆزی بەرپرسیارێتییەکانی سەر شانیان ئەدا بکەن**

**وەک بەرپرس و کاربەدەست دەبێت تەواوی کاروبارەکانت بە ڕوونی و بە ئاشکرایی ئەنجام بدەیت و نابێت ئەجێندای شاردراوە و نهێنیت هەبێت**

**دەبێت هەر سێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) بە شێوەیەکی کارا ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بە بێ ئەوەی هیچ کامیان لەلایەن دەسەڵاتێکی دیکەوە کۆنترۆڵ کرابن**

**دەبێت بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان ئەدا بکەن، بە بێ ئەوەی فەرمان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە وەربگرن**

دادوەری بکەین، ئەوا ئەمە پرسێکە گرێ دراوە بەوەی کە دەبێت هەر سێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) بە شێوەیەکی کارا ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بە بێ ئەوەی هیچ کامیان لەلایەن دەسەڵاتێکی دیکەوە کۆنترۆڵ کرابن. بە واتایەکی دیکە دەبێت بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی خۆیان ئەدا بکەن، بە بێ ئەوەی فەرمان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە وەربگرن، یان بە بێ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەستێوەردان لە کاروبارەکانیاندا بکرێت، کە ئەمە بۆ هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکەش راستە. کەواتە دەبێت پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە بکرێت، هەر کاتێکیش پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبوو، ئەوا هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت زیاد لە پێویست کاریگەریی بەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دەسەڵاتەکانی دیکەوە هەبێت. بەم شێوەیە هەر سێ دەسەڵاتەکە دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان ئەدا بکەن، کاتێك ئەمە گرێ دەدەینەوە بە ڕەوشی نەیجیریاوە، ئەوا دەبینین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە نەیجیریا دەسەڵاتەکانی دیکەی لاواز کردووە، دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بە چەشنێکن کە لە ئێستادا پەرلەمانی وڵاتەکە ناتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانی ئەدا بکات، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی دادوەرییش بە چەشنێك کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، کە دادپەروەری وەك کاڵایەکی لێهاتووە و دەتوانرێت بکڕدرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری بە تەواوەتی لاواز کراوە، تەنانەت ئێمە بینیمان کاتێك دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەوڵی لادانی دوو دادوەری دا، ئەنجومەنی دادوەری هیچ کاردانەوە و هەڵوێستێکی نەبوو و دواتر کە دادوەری نوێش دامەزرێندران، ڕێکارە پێویستەکان نەگیرانەبەر. لەبەر ئەوە لە ئێستادا ناتوانین بڵێین دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و بگرە بۆتە باڵێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بۆتە چەکێك و ئامرازێك بە دەستی بەرپرسانی حکومەتەوە.

*** بەڵام ئێمە دەزانین کە وڵاتی نەیجیریا ڕووبەڕووی کێشەیەکی جدی و مەترسیدار بۆتەوە، کە ئەویش کێشەی گەندەڵییە کە بۆتە هۆی بەهەدەردانی داهاتێکی زۆری وڵاتەکە، بەتایبەتی داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر بێت و ئەمە حاڵی دەسەڵاتی دادوەری بێت، کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، ئایا چۆن دەکرێت کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکرێت و بەرپرسە گەندەڵەکانیش ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە؟**

- بەداخەوە ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دادگاییکردنی بەرپرسە گەندەڵەکان بۆتە ئامرازێك بە دەستی دەسەڵاتەوە بۆ لێدان لە نەیار و ڕکابەرە سیاسییەکانی. هەروەها حاڵەتێکی دیکە کە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەندێ جار ئەو بەرپرسانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن




لە کەیسی گەندەڵییەوە بە بڕی ملیاران نایرا (دراوی نەیجیری) تێوەگلاون، هەندێکیان دوای دەست لەکارکێشانەوەیان کەیسەکانیان دادەخرێن و هەندێکیان لە پۆست و بەرپرسیارێتییەکانیان دوور دەخرێنەوە، بەڵام دواتر پۆست و بەرپرسیارێتیی دیکە وەردەگرن. کەواتە ئەگەر مەسەلەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی جێبەجێ دەکرێت و ئەم پرسە بۆتە ئامرازێکی سیاسی بەدەست حکومەتەوە. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە چیدی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە و دادوەرەکانیش سەربەخۆ نین.

**دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە نەیجیریا دەسەڵاتەکانی دیکەی لاواز کردووە، دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بە چەشنێکن کە لە ئێستادا پەرلەمانی وڵاتەکە ناتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانی ئەدا بکات**

**مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی جێبەجێ دەکرێت و ئەم پرسە بۆتە ئامرازێکی سیاسی بەدەست حکومەتەوە**

# لەیادی کۆچی دوایی مەلای گەورەدا

مەلای گەورەی کۆیە یەکێکە لەو کەسایەتییە ئایینییە کوردییانەی کە هاوکاتبوونی هاتنە دنیای، لەگەڵ کەسانی وەك محەمەد عەبدە و عەبدولڕەحمانی کەواکیبی و بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی، گەورەترین شۆڕشی هزری نوێی ئایینییان هێنایە ئاراوە.

مەلای گەورە کە لە ١٩٤٣/١٠/١٢ (دوازدەی تشرینی یەکەمی ساڵی هەزارو نۆسەدو چل و سێ) کۆچی دوایی کرد، زۆر نووسراو و نامیلکە و کتێبی ناوازەی بۆ بەجێهێشتین، لە سەرووی هەمووشیانەوە تەفسیری کوردی کە خۆی لە دە بەرگدا دەبینێتەوە.

زەحمەتە بتوانین لەم باسەدا لە کۆی سیفاتە بڵندەکانی مەلای گەورە بدوێین، زەحمەتیشە تەنیا سیفەتێکی باس بکەین و ئەوانی دی فەرامۆش بکەین. بەڵام لە بەر سرووشتی نووسینی گۆشە، هەر ناچار دەبین تیشك بخەینە سەر یەکێك لەو خاڵانەی کە مەلای گەورە لە رووی ئایینییەوە لەو سەردەمەوە بە پێویستییەکی کۆمەڵگەی کوردەواری زانیوە، کە ئەویش بایەخدانە بە پێگەی عەقڵ لە تێگەیشتنی دەقە ئایینییەکاندا، بۆیە لە بەرگی یەکەمی تەفسیرەکەیدا دەڵێت: «کە عەقڵ نەما، قسە لەگەڵ کێ بکەین؟ بیلئەخەس کە کەرامات هاتە گۆڕێ، بە جارێ عەقڵ و عیلم و حیکمەت دەفڕێ، نیزامی کائینات ژێر بەرەو ژوور دەبێ، حەق و حەقیقەت گوم دەبێ...خودایە تۆ شاهیدی، هەر دینێك هەر مەزهەبێك، هەر مەشرەبێك لەگەڵ عەقڵ موخالیف بێ، .. من لێی بەریم».

هەروەها دەڵێت: «دینێکم دەوێ، بە مەزهەبێك رازیم، کە بە ئیمتیزاجی عەقڵ و نبووەت رۆحێکی خاڵیسی تیا پەیدا بووبێ. زۆریش سەعی دەکەم کە عەوامیش بە راستی لە حەق و حەقیقەت بگا .. با لایشیان مەنفور و بێحورمەت بم».

ئەم بیرکردنەوە باڵایە لە پێگەی عەقڵ بۆ ئەوسا و بۆ ئەو سەردەمە هەر لە کەسانی نوێکاری وەك خۆی جوانە، چونکە ئەوسا و تا رادەیەکیش لە ئێستادا، یەکێك لە رواڵەتە دیارەکانی ئەم سەردەمەی کوردەواری و جیهانی ئیسلامی بریتییە لە تێکەڵکردنی ئایین بە ئەفسانە و دەمارگیری، کە ئەمەش زۆر هۆکاری هەیە، وەك:

هۆکاری دەروونی: کە ئەمەش لە هەستکردن بە لاوازییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە کاتێك باوەڕداران تێگەیشتنیان بۆ ئایین رێك بوو‌بێت، هەمیشە هەستیان بە بەهێزیی خۆیان کردووەو،



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

تێگەیشتنەکانیشیان ڕێك و جوانتر بووەو، خوداپەرستێکی گەشبین بوون لە ژیانداو، خاوەن پەیامێکی ئینسانییش بوون بۆ خەڵکی، بەڵام کاتێك باوەڕداران دواکەوتوو بوون و بەرگەی پێشکەوتنەکانی بەرامبەریان نەگرتووە، هەستیان بە لاوازی کردووە، ئەوسا پەنایان بردۆتە بەر ئەفسانە.

یان بە هۆکاری سیاسی، کە تێکەڵکردنی ئەفسانە و دەمارگیریی بە ئایین لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە زۆربەی نەتەوەکانی دەوروبەر بە فارس و ڕۆم و عەرەبەوە، پاڵپشتیی مەرامە سیاسییەکانیان کردووە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە، تەنانەت ئەگەر ناچاری هۆنینەوەی ئەفسانەش بووبن، بەمەش زۆرێك لە ئەفسانەی گەلان تێکەڵ بە خودی ئایین بووە و، بۆتە مایەی ئەوەی ڕێبازێکی ئایینی دیاریکراو لە بەرامبەر ڕێبازێکی دیکەی ئایینی دیاریکراودا ئەفسانە بۆ خۆی دروست بکات و بیخاتە ناو ئایینەوە، دواتریش کردوویانەتە مەسەلەیەکی ئایینی و خراوەتە ناو ئایینەوە.

بۆیە کە ئایین بە شێوەیەکی ئاسۆیی پەرەی سەندووە، زیاتریش بایەخی بە ڕوخسار و شکڵی دەرەوە داوە و، پانتایی و ڕووبەرێکی ئاسۆیی گرتووە لە ژیانی تاکەکان و لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لە ڕووی ستوونی و لە ڕووی تێگەیشتن و وردبوونەوە و تێگەیشتنی ورد لە دەقی ئایینیدا تووشی وەستان بۆتەوە.

بۆیە شێوازی دەرەکی ئایین و شتە ڕووکەشییەکانی ئایین و دەستگرتن بە شێواز و سرووتە ئایینییەکان، بە شێوەیکی ئاسۆیی زیاتر بووە، لە کاتێکدا دەبوایە تێگەیشتنی وردتر و قووڵتر دەربارەی دەقە ئایینییەکان هەبوایە.

بۆیە مەلای گەورە لە بەرگی نۆیەمی تەفسیرەکەیدا جارێکی دیکە دێتەوە سەر باسی گرنگیی زانست و داهێنان وەك بەرهەمێکی ناوازەی بەکارهێنانی عەقڵ و دوورکەوتنەوە لە خورافات، بۆیە گلەیی لەو بەناو ئاییندارانە دەکات کە دژایەتیی زانست و عەقڵیان دەکرد، لەو بارەوە دەڵێت: «ئاگایان لە عیلم نەما، کەسێك لە علوومی تەبیعییە بدوایا، ئەیانوت کافرە.. پیاوی وەك ئیبن سینایان تەکفیر دەکرد، خەڵکی ترسان و ڕوویان کردە حیکایات و خوڕافات».

لە بارەی زانایانی ڕۆژئاواشەوە دەڵێت: «عولەمای تەبیعەت کەوتنە سەعی، ئەسراری تەبیعەتیان گەلێ دەرخست، ئیختراعاتی مودهیشیان کرد، لە هەموو جیهەتەوە بە سەر موسڵماناندا غالب بوون».



# دەنگی کوردستان (٥٦) ساڵ مێژوو و بەردەوامی

**ئەحمەد بەکر**

بەڕێوەبەری نووسین لە دەنگی کوردستان

بارزانیی نەمر کە رابەرایەتیی گەورەترین و گشتگیرترین و رێکخراوترین شۆڕشی گەلەکەمانی کرد، دەیزانی شۆڕش تەنیا چەکداربوون و شەڕی گەرم نییە، بەڵکو دەبێ دەنگی حەقیانەتی شۆڕش و رەوایەتی دۆزی گەلەکەمان بگەیندرێتە ناوخۆ و دەرەوە، ئەگەرنا شۆڕشی ئەیلوولیش وەك شۆڕش و راچڵەکینەکانیتر کپ دەکرێ و دەوروبەر و دنیاش پێی نازانن. هەر بۆیە باشترین وەسیلە دامەزراندنی دەزگایەکی راگەیاندن بوو کە هەم ببێتە ورەبەخشی پێشمەرگە و خەڵك، هەمیش ببێتە بڵندگۆی دەنگی حەقیانەتی شۆڕش و دۆزی رەوای نەتەوەکەمان، هەم کۆکەرەوەی رۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەر و ئەدیب و بیرمەندان بێت، بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بە ئامانجەکانی شۆڕش و نەتەوەکەمان.

وێڕای سەختیی بارودۆخ کەچی بارزانی رابەری شۆڕش مکوڕ بوو لە سەر دامەزراندنی رادیۆیەك، چونکە لێزانانە دەرکی بە گرنگیی هەبوونی دەنگ و سەدایەك دەکرد لەو سەردەم و هەلومەرجەدا.

دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، جگە لەوەی نۆبەرەی میدیایەکی کوردی لە سەر خاکی کوردستان و بە هەوڵ و تەقەلای کادیری ناوخۆیی بوو، لە هەمان کاتدا یەکەم دەنگی شۆڕشی کوردستان و پێشمەرگە بوو کە پێشتر هاوشێوەی نەبوو. هەر بۆیە ترسی دوژمن لە دەنگی زوڵاڵی ئێزگەی دەنگی




کوردستانی عێراق، هاوتای هەترەش چوونی بوو لە دەنگی لوولەی بڕنەوەکانی پێشمەرگە گیانبازەکانی مستەفا بارزانی.

ئێزگەی دەنگی کوردستان هەر زوو بوو بە دەنگە زوڵاڵەکەی شۆڕش، کوردستانیان لە سەرتاسەری نیشتمان چاوەڕێی مژدەی سەرکەوتن و هەواڵی شۆڕش بوون کە لە ڕادیۆوە دەیانبیست.

لەپاڵ ئەرکە شۆڕشگێڕییەکەی، ئێزگە بووە ناوەندی دەیان ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەتوانا کە هاوشان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و پێشمەرگە، بووە پارێزەری کەلتوور و زمان و ڕەسەنایەتیی نەتەوەکەمان و ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیشی گرتەئەستۆ.

هیچ قۆناغێکی شۆڕشی گەلەکەمان نییە کە ئێزگەی دەنگی کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی تێدا نەگێڕابێت، تەنانەت لە دوای ئازادی و سەرکەوتن، ئێزگە بوو بە بناغەی پتەو و ئەزموونێکی دەوڵەمەند بۆ دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر.

ئێستا دەنگی کوردستان بە شانازییەوە پەنجاو شەش ساڵەی تەمەنی خۆی پیرۆز دەکات و بە هەمان گوڕو تینی سەرەتای دامەزراندنییەوە بەردەوامە و لە ڕێگەی دەیان بەرنامە و دەیان گەشتی هەواڵ و بەرهەمی جۆراوجۆری ڕادیۆیی خزمەت بە بیسەرانی دەکات و بەڵێنی بەردەوامیی بەخششی زیاتر دەدات.

# سۆشیال میدیا و ونکردنی خود

مرۆڤ لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە تا گەورەبوون بە کۆمەڵێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت، تاکو تواناکانی خۆی دەناسێت، ئیتر ئەوکات توانای جەستەیی و کەسایەتی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و خۆشەویستی و قبووڵبوونی لەلایەن دەوروبەرەکانی و توانای هەڵکردن و پێکەوە ژیانی، دەبێتە بەشێك لە کەسایەتییەکەی، چ لە ناو ناخی خۆیدا بێت، یان لەلایەن دەوروبەرەکانییەوە پێی دەناسرێت، خودناسینیش بە پێی رای پسپۆڕانی دەروونناسی هۆکارە بۆ دڵخۆشی و ئارامیی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ ئەوکات تواناکانی خۆی دەناسێت و ئیتر دەزانێت بەپێی توانای خۆی چ شوێنێك شایستەیەتی. بەڵام کاتێك مرۆڤ خۆی ناناسێت و ئاستی تواناکان و روخسار و پێبوونەکانی خۆی بە باشی دەرك پێ ناکات، ئیتر قەلەقیی و ناڕازیبوون بەش و پێگەی خۆی بۆ دروست دەبێت و دەبێتە هۆکاری نامۆبوونی. ئەم کەسایەتییە کاتێك دەچێتە ناو جیهانێکی گریمانەییەوە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و لەوێدا ئازادانە گوزارشت لە خۆی دەکات، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لەتەمەنێکی گەورەییدا بە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئاشنا بوون و بوونەتە خاوەنی پەیج و ئەکاونتی خۆیان و لە منداڵییەوە لەگەڵی نەبوون، رووبەڕووی دوو جۆر لە کەسایەتیی خود دەبنەوە. دەرەنجامی تویژینەوەیەك کە لە زانکۆی قاهیرە (محەمەد عەجیل) لەسەر کەسایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی داوە، دەریخستووە کە ٩٠٪ی بەشداربووانی راپرسییەکەی لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازترن، کە بە وێنە و گوزارشت و بە بوونی هاوڕێ جیاوازتر لە ژیانە واقیعییەکەی ناو کۆمەڵگەکەیان هەڵسوکەوت دەکەن، واتە هەمیشە وێنەی گەنجتر و جوانتر لەوەی کە لە راستیدا هەن، دادەبەزێنن و دەیکەنە پرۆفایل و لە پۆست و نووسینەکانیاندا دایدەنێن، هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك بێت کە هاوڕێکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان رازی بکەن، زۆربەشیان پۆست و نووسینەکانیان جیاوازتر بووە



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەوەی کە لە دەرەوە مامەڵە دەکەن، نموونەی هێناوەتەوە کە هەندێك لەوانەی راپرسی لەگەڵ کردوون، گوتوویانە هەرگیز لە ژیانی ئاسایی خۆماندا شیعر و پەیڤی خۆشەویستیمان نەبووە، بەڵام لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەماندا لەو جۆرە پۆستانەمان هەبووە. ئەم دوو شێوازە لە دەموچاو و لە هەڵسوکەوت و گوزارشت لە کەسایەتی، مرۆڤ تووشی خۆنەناسین و ونکردنی کەسایەتییە راستەقینەکەی خۆی دەکات، بۆ نموونە: خۆی جوانتر دەبینێت لەوەی کە هەیە، واتە بە هۆی لایك و کۆمێنتەکانەوە خۆی جیاوازتر دەبینێت لەوەی کە هەیە، چونکە ژیانی ناو سۆشیال میدیا وەك ژیانێکی گریمانەییە، زۆربەی کردارەکانی وەك لایك و کۆمێنت زۆر جار راستەقینە نین و زۆربەی بەکارهێنەرەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێ ئاگا لایك دەکەن و کۆمێنت و دەستخۆشی دەنووسن، ئەمەش وا دەکات کە ئەو کەسە رووە راستەقینەکەی خۆی لەبیر بکات و رای خەڵك بە راستەقینە بزانێت. ئەمە جگە لەوەی کە بە هۆی کراوەیی بابەتەکانی و ئازادیی بەکارهێنەر و هاورێیەکانی کە گفتوگۆ و لایك لەسەر وێنە و بابەتەکانی دەکەن، کە رەنگە هەندێك جاریش پێچەوانە بێت و شکاندن و رەخنەگرتنی قورس و نووسینی کۆمێنتی نەشیاو بێت، هەندێکیشی بە هۆی ئەوە جۆرە کۆمینیکەیشنە ناراستەوخۆیە کە رووبەروو نییە و بە زمانی جەستە و نازارەکی بەشداریی تێدا ناکات، هەڵە تێگەیشتن دروست دەبێت و تاك زۆر جار پەیامەکەی وەك خۆی ناگات. کاتێك تاك بە هەڵە لە پۆست و وێنەکانی دەگەن و دەیخەنە بەر رەخنە و شکاندن، دیسانەوە خۆی ون دەکات و وا هەست دەکات ئەو ئەوە نییە کە خەڵك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسیویانە و نامۆبوون و هەستکردن بە دوو جۆر کەسایەتی کە یەکێکیان راستەقینەکەیە و لە جیهانی دەرەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی پێی ناسراوە و ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە بە هۆی پۆست و وێنە و بابەتەکانیەوە ناسیویانە، ئەو کات هەوڵدەدات خۆی لەنێوان ئەو دوو جۆرە کەسایەتییەدا بدۆزێتەوە.